ئاماده کردنی:

تایپی کوردکا

بۆکان، پاساژی عەباسی ☎ ٦٢٤٣٤٢٥
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١

نالی

کوکراوەی

کتێبفرۆشی هێمن

((
ئەی جیلوەدەری حوسن و جلّەوكێشی تەماشا!
سەر رشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا
فەییازی ریازی، گوڵ و میهر و، مول و لەعلی
ئەی شەوقی روح و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا!
زەڕڕاتی عوكوسی كەششی میهری جەلالن
وا دێن و دەچن سەرزەدە سوڵتان و شەهەنشا
جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت
«فالبائس یستوهب من فیک معاشا»
بەو رەحمەتە عامەت كە دەكا سەنگی سییەهزەڕ
لەم قەلبە كە وەک بەردە، رەشە، «رُشَّ رَشاشا»
«لا حولَ و لا طولَ و لا قوهَ الا
بالله، له القدرهُ، ولکائنُ ماشا»
«نالی» نییەتی سیحری بەیان، حیكمەتی شێعرە
ئەمما نی‌یەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا

((
ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا؟
خاکی بەری پێت هەم گڵ و، هەم گوڵ بە سوروشکم
وەقتی غەم و شادیی ئەوە کردوومە بەسەردا
تەلبیسی نییە ئەو کەسە دێوانەیی رووتە
بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لەبەردا
ڕەنگی نییە روخسارەیی رەنگین و لەتیفی
ڕۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەردا
هەر چەندە کە ئینسانە لە بەرچاوی من و تۆ
مومکین نییە ئەم لوتفە لە ئینسان و بەشەردا
ئیسباتی خەت و خاڵە، بە سەد شوشتن و گریان
ناچێتەوە ئەم نوقتە لەنێو دیدەیی تەڕدا
شەوقی کە نەبێ باسیرە، مەئیووسە لە دیتن
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بە نەزەر دا
ئالوودە نەبێ دا، بە زەبوون گیریی خوێنم
بۆ کوشتنی من دامەنی پاکی لە کەمەر دا
«نالی» خەبەری بێ ئەسەری غائیبە، ئەمما
ناڵێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا

((

تا تایی سەری توڕڕەیی پڕ پێچشی با دا
هەر تایەکی بارێکی گوڵ و نافە بە با دا
گوڵ هاتەدەرێ، لافی لە حوسنی بوتی ما دا
لەرزی قەدی بەرزی، لە رقا زوڵفی کە با دا
شەو چەپکەنی نەیلۆفەڕییو جیلوەیی رەقسی
شەرمندە دەکا زوهرەیی زەهرا لە سەمادا
خۆش سوبح دەمێکە کە بە خەندە دەنوێنێ
بەس زەڕڕەیی خورشید لە زەڕڕێکی سوهادا
دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە
بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا
سهم الف القد فقد ڵاد فؤادی
ڵاد هو من عینه، قد ڵاد فسادا
بۆ ماچی دەمی رەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تێغی فەنا دا
«نالی» کە غوڵامی مەدەدی زوڵف و برۆتە
شاهێکە لە بن سایەیی باڵی دوو هو مادا

((
تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لەنێو ئەودا
بەڵێ مسقاڵە زەڕڕە زاهیرە جیلوەی لە پڕتەودا
بە پارێک نامەوێ دەرمان، لە نەشئەی چاوییە عیللەت
بە پوولێک ناکڕم عەنبەر، لەگەڵ زوڵفی ئەوە سەودا
ڕەقیبی جوفتەلی، نابێتە نەخچیرت، کە خەرکوڕڕە
ئەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەردڕ و جەودا
سیلاحی پەرچەمی پڕ خەم ئەگەر تارە و ئەگەر مارە
برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا و ئەگەر مەودا
لە ئەشکەنجەی شکەنجی زوڵفی ئەو بێ وەعدە مورغی دڵ
دەناڵێنێ وەکو بولبول لە سوبحی کازیبی شەودا
بە تیرێ دوو نیشانە چا نییە ئەی ڕۆحەکەم! شیرین
بە غەمزەی، تاقە یەک تیری لە فەرهاد و لە خوسرەو دا
وەها مەستی تەماشای چاوتە «نالی» کە نازانێ
بە بێداری دەبینیێ، یا لە نەشئەی مەستی‌یو خەودا

((
جۆشش و تابە لەنێو دیدەیی گریانمدا
چ تەنوورێکە  لە تەندوورەیی تۆفانمدا
شەبەهی زوڵفی شەبەە گۆنەیە، رووگەردانی
بە سەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانمدا
شەرەر و تابش و بارش لە دەمی رەعدی بەهار
ئەسەری سۆزشی گریانە لە ئەفغانمدا
تۆ کە حۆریت، وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سۆزانمدا؟!
قیمەتی ماچی سەد کیسەیی ساغە و نیمە
غەیری یەک کیسەیی سەد پارە لە گیرفانمدا
شیرەیی جانە وتم یا مەیە؟ چا بوو فەرمووی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا
بەحسی سیرڕی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێی
سەری موویێ نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا
«نالی»، ئەو نوقتە کەوا بوو بە نیشانەی چاوی
من لە سەفحەی روخی ئەو دولبەرە نیشانم دا

((

گەر بێیە دەرێ، سەروی ڕەوانی لە ئیرەمدا
وەر نەیبە دەرێ، ئاهووی چینی لە حەرەمدا
عیشقت لە دڵ و دیدەیی پڕ ئەشک و ئەلەمدا
گونجایش و تەسکینی نییە، زۆرە لە کەمدا
لافی دەمی تۆ، غونچە لە دەمیا بو، بە (عمداً)
با خوستی بڕی، خستی، کە مستێکی لە دەم دا
دڵ موزمەحیلی دەردە وەکوو دیدە لە نمدا
حەیران و پەرێشانە وەکوو قەترە لە یەمدا
«نالی» مەسەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەک ناڵە لە نەیدا، وەکو نالە لە قەڵەمدا

((
ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی روومەتی ڕەنگینتە، بازا
قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە، بازا
غەریب و بێکەس و زار و فەقیری خانەدانی تۆ
جگەر سووتاو و ماڵ وێرانی زوڵفی چینتە، بازا
(معاڕالله) کە ڕەحمێکت بە حاڵی زاری مندا بێ
کە ئاخر بەندەیی خاکی دەری پێشینتە، بازا
ئەگەر خوێنم دەڕێژی تۆ، ئەوە تێغ و ئەمیش گەردن
ئەگەر بنیادی پەیمان، دەستی من دامێنتە، بازا
لە چاوانم هەتاکەی قەترە قەترە خوێن دەکەی ئەی دۆست
کوا ئەم عەهد و پەیمان و وەفا کابینتە، بازا
بە «نالی» باوەڕت نایێ، خەیاڵت بێت و ببینێ
کە چۆن مەشغووڵی نەغمەی گۆشەیی ناڵینتە، بازا

((

ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا
عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا
بەندە ئەزەل بە خەتتی خۆی قابیلی قیسمەتی بووە
ئیستە بە ئیقتیزای عەمەل جێگەیی خۆی تەڵەب دەکا
داری ئیراک و داری هیند هەردوو کە عوودە ئیسمیان
هەمدەی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبوولەهەب دەکا
سەهم و نەسیبی ئەسڵییە، بەحسی گیاە و گڵ نییە
تووتنە خەرجی سووتنە، موودنە ماچی لەب دەکا
لەومەی زەمان دەکەی کە بۆچ خواریی راستیی دەوێ؟!
غافڵی دەستی راستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا
تووتیی تۆ لە حیرسی دڵ داوی تەمەع دەکاتە مل
بولبولی من لە عەشقی گوڵ تەغنیەوو تەرەب دەکا
«نالی» حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی رەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە، گەپ دەکا

((
بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا
نوکتە سەنجی و، بەزلە گوویی و، عەنبەر ئەفشانی دەکا
هەرکەسی ئیزهاری دانایی بکات و، مەقسەدی
خود پەسەندیی بێ، یەقین ئیزهاری نادانی دەکا
خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری زاتی ئەمن؟
بێتە نێو، جیلوەی، بەزوشتی خۆی بە عوریانی دەکا
زابیتەی تەبعم سوارە، ئیددیعای شاهی هەیە
موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا
شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دولبەریی
شاهی خوسرەو رۆحی شیرینی بە قوربانی دەکا
نووکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەمال
خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی (مانی) دەکا
ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم، بە کوردیی و فارسیی و
عارەبی، ئیزهاری چالاکی‌یو چەسپانی دەکا
خاترێکی شۆخ و خۆش و بێغەم و جەمعم هەبوو
ئێستە بۆ زوڵفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا
هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە، یەقین
خۆی کە دامێن‌گیری شاهی ئاسەفی سانی دەکا
ئەو کەسە تەحدیسی نێعمەت بێ موراد و مەتڵەبی
میسلی «نالی» ئیمتیسالی ئەمری یەزدانی دەکا

((

تەبعی شەککەرباری من، کوردیی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە (عمدا) وا دەکا
یالە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەە سەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی رادەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا
بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە رۆح
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا
شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟!

((

پێمدەڵێن: مەحبووبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە، یا تەرازووی نەختێ سەر دەکا؟!
خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی راست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا
چاوی هەمڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و رۆژن مەدام
یەک لە نەشگوفتەی بەنەفشە، یەک لە نەیلۆفەڕ دەکا
عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگەی
کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و، خێر و شەڕ دەکا؟!
هەر کەسێ نوقسانیی رووی باوێتە سەر رووی ئاینە
شاهیدی هەرچەندە (رای العین)ە، کێ باوەڕ دەکا؟!
کاتبی خێر و شەڕی عوششاقە، بۆ وەسڵ و فیراق
لوتف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا
«نالی» ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە، دائیم سەر دەکا

((

چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی میسکین دەکا
مەستە، مەیلی چەن کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا
تالیبی لێوین و ئەڵقەی زوڵفمان نیشان دەدا
ڕاڕەوی میسرین و ئەو روومان لە موڵکی چین دەکا
تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەس گرییو دەس کوژی
فەرقی سەر، پەنجەی بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا
بێ قسەی، غونچەی دەمت، کاتی تەبەسسوم، رووبەڕوو
هەتکی شوعلەی بەڕ و نەزمی دائیرەی پەروین دەکا
تیری موژگانت لە سینەمدا دەچێ بۆ پیری دڵ
هێندە کەچ  ئایینە قەسدی خانەدانی دین دەکا
گوڵ بە دەم بادی سەباوە پێکەنی، یەعنی وەرە
تۆ لە وەسڵم بۆ بەرە، ئەو بۆیە بولبول شین دەکا
چاوی من بەحری موحیتی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند
لێت موعەییەن بێ کە «نالی» گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا

((
يا بدرُ علوًّا و ڤياءً و كمالا
فالغلّنُ مع الالّلق الى فرعقکَ مالا
تا سونبولی زوڵفت لە نیهالی قەدت ئاڵا
من دوودی هەناسەم گەیییە عالەمی باڵا
ما عادَلَکَ البانُ، ولا اللینهُ لیناً
اڕعَدَّلَکَ الباریءُ حسناً و جمالا
من گریە، ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین
من لەعلی بەدەخشان و، ئەتۆ لوئلوئی لالا
بادقِر، وَ اغقِر کوکبهَ البدر بداراً
قد فقتَ سَنا الشارِ، لا رُقتَ زوالا
تورڕەت وەکو تۆماری شکستە و، سەری کوڵمت
بۆ نووری سەودام بووەتە شەمعی موتاڵا
ئەو چاوە غەزالە فەتەراتی سەر و ماڵە
ئەو نەرگسە کاڵە نەمنی هێشت و نە کاڵا
حوققەی فەلەکول ئەتلەس و ئەستوونەیی زێڕین
بێ بێکە بە تارای سەرو ترکەی خەز و واڵا
دنیا بە فیدای قەددی بکە، دامەنی بگرە
طوبی لقِمن اختارَ علی المالِق مالا
«نالی» بە ئومێدی زەفەری تەوقی تەلیسمت
ماری سرِی زوڵفت لە سەر و گەردنی ئاڵا

((
حیرەت زەدە وا دیدە وەکوو حەلقەیی دەرما
بێ مایە نییە عاشیقی بێچارە، (بفرما)!
بێ، سەروی رەوانم، کە لەبەر ئەشکی رەوانم
خەرقە بووەتە غەرقە، کەوا سەوزە لە بەرما
ئەی واعیزی بارید چییە هەروەک هەرەسی کێو
بەو وەعزە کە بایە هەمو، هاتوویی بەسەرما؟!
بۆ هەرکەسێ مەبزوولە تەریقێکی ئەمانەت
هەر عاشقی بێچارە لە رێی خەوف و خەتەر ما
دیدەم هەمو شۆراوە بە شۆراوی سوروشکم
لەم لەوحە نیگارینە نە عەین و نە ئەسەر ما
وا زەن مەبە روخسارەیی تۆ غائیبە قوربان
بنوارە چلۆن نەقشە لەنێو دیدەیی تەڕما
یا توربەتێ، یا غوربەتێ با رێ بشکێنین
هەر مونتەزیرە «نالی» ئەگەر مرد و ئەگەر ما

((
جەنانی وەک جینان کردم بە ماوا
(حەبیبە)ی (ماڵیاوا) ماڵی ئاوا!
حەڵاڵی بێ نیکاحی حووری عینم
بە جووتێ نازیری شەرع و فەتاوا
زەفافەتگاهی پەردەی ئاڵی چاوم
موبارەک حەجلە بێ بۆ بووک و زاوا
سیداقی روونماوو، وەسڵی شاهید
لەگەڵ شایی کەران بێ دەنگ و داوا
ویسالی بێ کەم و کەیفی حوزووی
لە «نالی» گەر دەپرسی، یەعنی ئاوا

((

پەچەیی پەرچەمیو، پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا
لادە دەسرۆکەیی هەوری لە جەبین
دەرکەوێ شەمس و قەمەر، نوور و زیا
لێوی تۆ ئاوی بەقا، من خزرم
فەیزی تۆ رەحمەت و، من سەوزە گیا
فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس
سەری داخستووە وەک چاوی حەیا
مەمخەرە هاوییەیی هەولی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ رۆژی قیا
«گێل» ئەگەر تورکی، «تعال» ئەر عەرەبی
«بێ» ئەگەر کوردی، ئەگەر فورسی «بیا»!
سەری فەرهادم و دەندووکی قوڵنگ
دەستی مەجنوونم و، دامێنی چیا
خاتری زاهیدی خاڵی، خاڵی
نییە ، ئەڵبەتتە، لە بێنێکی ریا
دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە، قوربان
حاڵی «نالی» کە نە مرد و نە ژیا

((
ریشەکەی پان و درێژە، بۆ ریا خزمەت دەکا
زاهیرە هەرکەس بە توول و عەرزی ریشیدا ریا
گوڵ بە دەم بادی سەباوە پێکەنی، بولبول فڕیی
یەعنی عاشق لازمە دوور بێ لە یاری بێوەفا
عاشقی سونعی حەقم، قوربانی رەنگی قودرەتم
چاوی ماویی، خاڵی شین، کوڵمی سپی زوڵفی سیا
سەرگرانە قافڵە سالاری رێی چین و خەتا
چونکە باری عەنبەر و میسکە لە زولفەینی دو تا
حەڵقە حەڵقە زوڵفی سەر قوببەی هەیاسەی کەوتووە
مەحرەمی سیرڕە، بەڵێ گەنجووری گەنجە ئەژدەها
سۆفی مەستووری رووت و موفلیسی خستە تەمەع
سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها
زاهیر و باتین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سیرڕی قەڵەم بێ، غەیری «نالی» کەس نەما

((
زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب
شیعری لەف و نەشرن، چ موشەووەش، چ مورەتتەب
جێی دەم دەمە، جێی  لەب لەبە، ساقی وەرە ئیمشەب
هەم ماچی دەمادەم بدە، هەم جامی لەبالەب
بەو شەهدی کەلامەت کە بە ئیشرابی لەتافەت
لەززەت دەگەیێنی بە دڵ و زێهنی موخاتەب
وەک سۆفیی سافی مەبە ئالوودە بە دونیا
بێهوودە مو کەددەر مەکە سەر چاوەیی مەشرەب
عاشق هەوەسی مەیکەدەوو عیلمی بەسیتە
عاقڵ تەلەبی مەدرەسەوو جەهلی مورەککەب
قاروونە فەلەک، موستەحەقی گرتن و خەسفە
زیو و زەڕی شەمس و قەمەرە، دیرهەمی کەوکەب
قەللابی جیهان نەقدی عەیاری نییە قوربان
«نالی» مەحەکی هیممەتی کردوویە موجەڕڕەب

((
ماتەم، وەکو زولفەینی سییەە، گرتی سەراپات
پۆشی لە روخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات
تاقانە یەتیمی خەلەفی ئاخری نیسان
تۆ خۆش بی، سەدەف بوو بە فیدات، دوور بی لە ئافات
بۆ فەوتی سەدف حەیفە برێژیی دورەری ئەشک
زاییع مەکە دوڕ دانە بە غارات و خەسارات
دیدەت وەکو گوڵ سوورە، پڕی شەبنمی ئەشکە؟
یا لالەیی پڕ ژالەیە دوو نەرگسی شەهلات؟
بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریێم
گەوهەر بڕژێنین بە بوڵندیی قەد و باڵات
لاکین ئەمە دونیایە، گەهێ سوورە، گەهێ شین
لایُسالُ مَن عاشَ، وَ مَنْ مات، وَ مَنْ فات؟!
بەس گریە بکە بۆ پدەر و بابی حیجابت
بێ بابیی تۆ مووریسە بۆ وەسڵ و مولاقات
بێ بابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتووحە
بێ بابیی تۆ خواستەیی من بوو، بە ئاوات
بێ بابی  موڕادی من و تۆ بوو بە تەمەننا
بێ بابی دوعایی من و تۆ بوو بە موناجات
ئەو بابە کە فەتح و زەفەری قەلعەیە قەلعی
با قەلعی بکا زەلزەلەیی هازیمی لەززات
ئەو پیری خەرەف، ئافەتی مەردییو سەفا بوو
تۆ شۆخ و جوان، دوور بی لە ئافات و خەرافات

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە
چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و، گوڵ و مول هات
گوڵ تاجی لەسەر نا و، چەمەن مەخمەڵی پۆشی
هات موژدە کە خەلعەت گەییبە بەر، بە موباهات
هات زەمزەمەیی بولبول و ئاوازەیی قومری
هات بادی سەبا، دەچن عەرعەر و بانات
نەجم و شەجەر و نەرگس و ئەنواری شکۆفە
جیلوەی چەمەنن، یەعنی زەمین بوو بە سەماوات
ماوەردە لەسەر خەرمەنی گوڵ عەترفشانە ـ
یا ئاوی حەیاتە: عەرەقی وردی موحەییات؟!
گوڵشەن وەکو بەزمێکە کە ئاحادی هەزاری
بۆ تاقە گوڵێکی گەییبە روتبەیی مییئات
تۆ باقییەیی ساقییەیی سەحنی چەمەن بە
مەیدان هەمو مەی دانە بە کاسات و بە تاسات
«نالی» یەک و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست
مەعلوومی بووە زۆر و کەمی خاریقی عادات

((

چاوت لە برۆ، یەعنی لەژێر تاقی نەزارەت
بێپەردە عەیان دێتە تەکەللوم بە ئیشارەت
شایستەیی شان، لایقی مل توڕڕەیی تۆیە
نەک توڕڕەیی شاهەنشەهی‌یو تەوقی وەزارەت
سەر خاتیمەیی حوسنی عیادەت کە نەهاتی
بارێ بگەرە فاتیحەوو دەئبی زیارەت
کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت
لەو تەختە کەوا ساحیبی مۆرن بە سەدارەت
دەسرۆ کەیی هەوریی چ حیجابێکە کە تێیدا
شمسُ فلک الحسن انارَتْ فَتوارت
هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو
حەددی چییە «نالی» کەبڵێ ماچە کەفارەت؟!

((

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت
دەخیلت بم! کە خانەی سەبرەکەم سووت
لە رووت و قووتی وەک من روو مەپۆشە
کە وەسڵی تۆیە قووتی عاشقی رووت
موژەت قوللابییە هەم تیر و هەم شیر
برۆت میحرابییە هەم تاق و هەم جووت
لە سندووقی پڕی سینەم بترسە
کە ئاگر بەر بداتە تەخت و تابووت
لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو
کەوا شەککەر دەباریی، گوڵ دەپشکووت
دەکەی نەخچیری سەد دڵ هەر بە تیرێ
ئیلاهی هەر بمێنێ دەست و بازووت
چ شیرینە خوتووتی دەوری لێوت
بەڵێ مەعلوومە خۆشە خەتتی یاقووت
هە «نالی»! بەڵکو بیکێشی بە ناڵین
بناڵە، دامەنیشە مات و مەبهووت

((

ئەی سەروی بوڵەند قەدد و، برۆ تاق و، مەمک جووت
کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت
دەم هەمدەمی غونچێکە نەپشکووتووە هێشتا
با کەشفی نەکرد بەرگی عەترپۆشی گوڵی رووت
گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێ
بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە دەپشکووت
خڵخاڵی قەدم، وەک خەمی زولفەینی سەراپات
پشتانی قەدت بێت و، فیدای بازنی بازووت
خاڵی نییە «نالی»! دڵەکەت ساتێ لە هیجران
تا تاری وجوودت نەپسێنێ مەلەکول مووت

((

عومری بێ حاسڵی من چوو بە عەبەس!
ئەمەکم هەرچی هەبوو چوو، بە عەبەس!
میهری بێ میهری روخت گیراوە
لە منی سایە سیفەت چوو بە عەبەس!
قەسدی یاریتە لەکن بەزمی رەقیب
یاری من! خۆت مەکە بەدخوو بە عەبەس!
خانەیی دڵ کە خەرابە، چ بڵێم ـ
بە خەیاڵت ؛ کە: بفەرموو، بە عەبەس!
«نالی»! ئەو غونچە دەمە بێزارە؛
مەکە ماچی دەمی ئەرجوو، بە عەبەس!

((
عیشقت، کە مەجازیی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ!
شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەزرا کچ
فەرقی کوڕ و کچ رۆشن، وەک فەرقی مەە و مێهرە
ئەم فەرقی شەو رۆژە، وەک فەرقە لە کوڕ تا کچ
مەە مەە لە مەهی سادە: یەعنی لە قەمەر لادە
هەم شەمس و سورەییا کچ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ
بێ بێنە گوڵی ژاڵە، هەم بێ بەرە، هەم تاڵە
قەد سەرو و سنەوبەر کچ، چاو نێرگسی شەهلا کچ
کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما سەمەری خارە
وەک هەنگی چزوودارە، هەنگوینی موسەففا کچ
کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە
وەک شانەیی هەنگوینە، بۆ لەززەتی دنیا کچ
جەزلی سەمەر و سایە، بۆ سەوڵەتی ئەعدا کوڕ
نەخلی سەمەر و مایە، بۆ دەوڵەتی دنیا کچ
کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ
موو سونبولی ئاشوفتە، دوڕ دانەیی ناسوفتە
دەم غونچەیی نەشگوفتە، تێفکرە کوڕە یا کچ!
کوڕ ئایینەیی حوسنی، تا وەک کچە، مەنزوورە
گرتی کە غوباری موو، چینی کوڕ و مینا کچ
کوڕ تازەوو و تەڕ، مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کە روا سەبزە، دیبا کوڕ و، زیبا کچ

بۆ شەربەتی شیرینی فنجانە لەسەر سینی
مەم توحفەیی توففاحی، شەم عەنبەری بۆیا کچ
هەم گوڵبەنی بێ خاری، هەم مەزرەعی ئەزهاری
هەم مەخزەنی ئەسراری، ئیسباتی مەزایا کچ
جەننەت پڕی ویلدانە، خادیم هەمو غیلمانە
خانم کە  تێدا حۆرین، یەکسەر هەمو حەسنا کچ
گەر ئەشرەف و مەحبووبە، یوسف کوڕی یەعقووبە
کچ بوو بە خڕیداری، یەعنی کە زولەیخا کچ
سیددیق و عەزیز هەروەک یووسف کە نەبی بوو کوڕ
سیددیقەیی مەعسوومە، وەک داکی مەسیحا کچ
بابێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازیی، بەس
«نالی»! چییە ئەو بابە! ئادەم کوڕ و حەووا کچ

((
ساقی! وەرە رەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح
بەم راحە لەسەر راحە، دەڵێن: راحەتی ئەرواح
بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن: نووری عەلا نوور
رەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکو میسباح
قەترێکە لە بەحری کەرەم و رەحمەتی فەتتاح
نەک عارەقی کەرمی عینەب و شەربەتی توففاح
بەو دەستە کەوا مەرهەمە بۆ ئەم دڵی خەستە
بەو پەنجە کە بۆ بابی گوشایش ئەوە میفتاح
بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەششە بە عەنقا
نەک لەو خومی نیلە کە دەکا باخە بە تیمساح
پڕ کە قەدەحی پڕ فەرەحی بێ تەرەح و غەم
ناوقِلْنی، وَ نادقِمنی و غازق لنی بالافراح
لەم گەردشی مینایە کەوا دەورە، نە جەورە
ساقی کەرەمی سایقە، «نالی»! مەکە ئیلحاح

((
ابروان تو تبیبان دل افگارانند
هر دو پیوسته ازان بر سر بیمارانند
گنج رخسار تو دیدن نبود زهره مرا
که ززلف تو برو خفته سیه مارانند
ما هزاران، زغمت خسته و ناکام، ولی ـ
کامیاب از گل روی تو خس و خارانند
بر سر کوی خود از گریه مکن منع مرا!
زانکه گلهای چمن منتظر بارانند
نرگسان تو که خواب همه عالم بردند
خفتگانند، ولی رهزن بیدارانند
«نالیا»! ار چه سگانش همه شب نالانند
که نه ان شیفتگان نیز، جگر خوارانند

((

ئیلتیقای پۆڵا و ئاسن هەر نیزاعە و گیر و دار
جەمعی ماء و نار و، زەند و زەندەوو، مەرخ و عەفار
ئەم لەسەر تەعزیم و گەورە گرتنی ئەو بێ قوسوور
ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی زاری مار
ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ، دەم وەکو گوڵ خەندەران
ئەم دەبێ هەستێ، کە  ئەو بێ، چاو یەک و قەترە هەزار
ئەم بە چاو دوڕڕ و بە سەر لەعلی، هەدییە بۆ دەبا
ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار
نەزمی «نالی» میسلی ئاو و ئاوێنە رەنگی نییە
دوو رووە سەیری خاتر: یەک خەفی و یەک ئاشکار

((

قوربانی تۆزی ڕێگاتم، ئەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری ـ شارەزوور!
ئەی لوتفەکەت خەفییو هەوا خواه و هەمدەمە!
وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزوور!
ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان!
تۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەک تەنوور!
گاهێ دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ؛
گاهێ دەبی بە دەم، دەدەمێنی، دەمی غورور
مەحوی قەبووڵی خاتری عاتر شەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور
سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ و دەروون ـ
نەیماوە غەیری گۆشەیی، زیکرێکی یا سەبوور
هەم هەم عەنانی ئاهم و، هەم هەم ریکابی ئەشک
ڕەحمێ بەم ئاە و ئەشکە بکە! هەستە بێ قوسوور!
وەک ئاهەکەم دەوان بە! هەتا خاکی کۆیی یار
وەک ئەشکەکەم ڕەوان بە! هەتا ئاوی (شیوەسوور)
بەو ئاوە خۆت بشۆ، لە کودووراتی سەرزەمین
شاد بن بە وەسلی یەکدی؛ کە تۆی تاهیر، ئەو تەهوور
ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چنوور
چەشمێکە میسلی خۆر کە لە سەد جێ، بە ڕۆشنی
فەورانی، نووری سافە لەسەر بەردی وەک بلوور

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا ـ
ئەستێرەکانی رابکشێن وەک شەهابی نوور
یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە
یەنبووعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی توور
دەموت دوو چاوی خۆمە، ئەگەر (بە کرەجۆ)یی ئەشک
نەبوایە تیژ و بێ سەمەر و گەرم و سوێر و سوور
داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاک و خۆڵ)
هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی) یا عوبوور
یەعنی ریازی رەوزە، کەتێیدا بە چەن دەمێ
موشکین دەبی بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور
خاکی میزاجی عەنبەر و، داری رەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نوور
شامی هەموو نەهار و، فوسوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و، بو خاری هەموو بو خوور
شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگێکە خۆش و نەرم
بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن: شاری شارەزوور
ئەهلێکی وای هەیە کە، هەموو ئەهلی دانشن
هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیری ئوموور
سەیرێ بکە لە بەرد و لە داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبووە؟ (پردی سەرشەقام)!
پیر و فوتادە تەن نەبووە؟ (داری پیرمەسوور)!
ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)؟!

یا بێ نەواوو بەرگە گەڕواە بە شەخسی عوور؟!
ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)؟!
یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور؟!
(سەیران) نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف؟!
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟!
ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)؟!
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و loورەلوور؟
ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)؟!
یاخۆ بووە بە سۆفیی و شکی لە حەق بە دوور؟
داخو دەروونی سافە، گوڕەی ماوە (تانجەرۆ)؟!
یاخۆ ئەسیری خاکە بە لێڵی دەکا عوبور؟
سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە!
ئایا رەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟
سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە، وەک خەتتی روویی یار؟!
یا پووشی وشک و زوورە، وەکوو ریشی (کاکە سوور)؟
قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین؟!
یا وەک سەقەر، پڕە لە رەقیبانی لەندەهوور؟
دەس بە ندیانە دێن و دەچن، سەرو و نارەوەن؟!
یا حەڵقەیانە سۆفیی ملخوار و مەندەبوور؟
مەیلێ بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە!
ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یا نە سوور؟
حەوزی پڕی، کە نائیبی دیدەی منە لەوێ ـ
لێڵاوی دانەهاتووە، وەک سەیلی (شیوەسوور)؟

ئێستەش کەناری حەوشەکە، جێی باز و کەوشەکە؟
یاریی تیایە؟ یا بووەتە مەعرەزی نوفوور؟
چاوێ بخە لە سەبزەو و، سێرابی دائیرە!
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمە نەرمە یا نە زوور!
تو خوا فەزایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش ـ
مەحشەر میسالە، یا بووەتە (چۆڵی سەلم و توور)؟
واسیلبکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم!
چی ماوە، چی نەماوە، لە هەیوان و تاق و ژوور؟
ئەو غاری یارە ئیستە، پڕ ئەغیارە، یا نە خۆ ـ
هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مار و موور؟
زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوتوور؟!
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا غوبوور
ئایا مەقامی روخسەتە، لەم بەینە بێمەوە؟!
یا مەسڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور؟!
حاڵی بکە بە خوفیە: کە ئەی یاری سەنگ دڵ!
«نالی» لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور...

((

سەیلی هیجرت، بەردی بنچینەی‌لە رەگ هێنامەدەر
باری فیکرت، قەددی راستی تێشکاندم وەک فەنەر
شیری ئەبرۆت، تیری غەمزەت، وا لەجەرگم کارییە
دێت لە تۆفانی دوو چاوم، لەت‌لەتی خوێنی جگەر
چاو و دڵ شەڕیانە، نازانم خەتای کامیانە! خۆ ـ
تا بە داری کەم، دەری کەم، بیخەمە شین و چەمەر
نووری چاوم! چاوەکەم بێ نوورە بێ تۆ، زەڕڕەیی ـ
خاکی دەرگاکەت ببێژم، بیکەمە کوحلی بەسەر
دڵ موشەببەک بوو لەبەر ئێشان و نێشانی موژەت
ئیشی چاو بو، بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتە سەر
لەت‌لەت و کون‌کون بووە دڵ، وا لە شەوقی شیرەکەت
رۆحەکەم دێت و دەچێ، داخۆ لە کامیان دێتە دەر؟
هەرچی مەحبووبەم دەبینێ، وا تەحەییور دەیگرێ ـ
سوێن دەخوا بە خوا، دەڵێ: «بالله ما هرا بشر»
چەندە خۆشە، دابنیشین، دووبەدوو ئەمن و گوڵم
داکەوێتن موددەعی لەو خوارە هەروەک دەستی کەر
رۆژپەرستی رووتە «نالی»؛ بۆیە دائیم وەک غوڵام ـ
زەرد و گەردن کەچ لە دەرگات، حازرە دەستە و نەزەر

((
شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو، پڕ تەشویر
لە فەجری پایزی پیریی بەیانی دا تەعبیر
چ شەو، چ ڕۆژ؟ وەها کورتی لەهو و لەعب و  میزاح
کە هەردو وەک یەکەچوون بە نەغمەیی بەم و زیر
ئەسەف درێژی، شەو و ڕۆژی ئەو شەو و ڕۆژەم
قوسووریان بووە تووڵی نەدامەتی تەقسیر
سەوادی توڕڕەیی ئەو ئیشتیباهی سەهوی جوان
بەیازی غوڕڕەیی ئەم ئینتیباهی سوجدەیی پیر
وەکو نەهاری بەهاری درێژ و پایزی کورت
ئەمەل گەلێک و تەویل و عەمەل کەمێک و قەسیر
غوباری ئەو شەو و ڕۆژەن ردێنی ماش و برنج
کەتێکەڵن شەبەهی سوبح و شام و شیر و قیر
سپی نەزیرە هەموو لە سیرڕی (وَجْهُ) لەسەر
مونەووەرە، لە تەرەف نوورەوە بووە بە نەزیر
مرووری نەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە ڕەمەق
زوبوولی نیکسە دەگێڕێ کە عەکسی ریش بە شیر
دەلیلی ڕۆشنە بۆ بەدء و عەود و کورتیی عومر
تەنی هیلال کە بە تەلعەت جوان، بە خەلعەت پیر
لە شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی ـ
سەقیمە، عاجزە تەسحیح و رابیتی تەدبیر
تێدا حەدیسی حەداسەت زەعیف و مەترووکە
کە قەتعە سیحەئی ئیسنادی عەنعەنی تەقریر

چ مشت و پەنجە؟ وەکوو مشتی شانە رەق کە دەڵێی
لە شانیدا نەبووە دەست و بردی کوشت و گیر
چ قەد کەوانێ؟ وەکوو پێ شکاو و ئوفتادە
کە بازی سێ قەدەمی قەت نەداوە وەک پەڕی تیر
لە نەحو و سەرفی ئەداتی مەپرسە ئەی موعریب!
کە رەفع و نەسب و جەڕ و جەزمە ئالەتی تەقریر
وەها سەقیم و موجەززا عەوامیلی ئەجزا
کە ئالەتی عەمەلی نەحوی مەحوی سەحوی زەمیر
حورووفی جەڕڕە تێیاندا نەماوە ئاوی عەمەل
هەموو موعەللەق و مولغایی عامیلی تەقدیر
بە غەیری (عەن) کە لە بۆ نەزع و عەزلی زەنبوورە
کە ژاری ماری نەچێژێ عوسەیلەیی هەنجیر
خورووجی (با) لە لوسوق و (عەلا) لە ئیستیعلا
دوخوولی عەتبەیی (عەن) فاسیلە لە تیری جەفیر
ئەلیف نەکیرەوو بێگانە، نایەتە تەعریف
عەلەم موشابیهی غەیر و مولازیمی تەنکیر

((

تیر ناز نگەهک هر دله نیجه یری وار
عاشقک پاینه زولفک گیبی یوزیک سری وار
اول مهی زهره جبین وی بناگوشنه چوق
نامور سبعه سیاره گیبی مشتری وار
بزم می در، ندما جمع، قدح گرد شده
سوفی‌نک ورد و دعای سحریله یری وار
عکس زولفک قدحی دیده‌ی گریانمده
نشئه‌ی سنبل ترّ، شیوه‌ی نیلوفری وار
ناودان قلم «نالی» فساحتده همان
نشئه‌ی اب بقا، زمزمه کوسری وار

((

خاو و بێخاوی دو زوڵفی خاوم ئەز
چاوە چاوی یەک غەزالە چاوم ئەز
گەر نییە ئاور لە سینەمدا بە تاو
بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز؟
ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز
غەیری زوڵفی تۆ کە رشتەی عومرمە
دەس لە (مافیها)ی زەمان بڕیاوم ئەز
تازە ئەبرۆت وسمە کێشاوە بە ناز
دڵ لەتی شمشێری تازەساوم ئەز
ئەی رەفیقان! سوحبەتی «نالی» مەکەن
بۆچ؟ کە من لەوڕا وەکوو بەدناوم ئەز

((
هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ
سینە پان و، مووچە کورت و، شانە بەرز و، گوێ درێژ
بن زک و جەبهەت سپی، کلک ئێستر و دامەن سیا
یەککە تاز و، سێ بڕ و، دوو باد و، سەش دانگ ودرێژ
کەللە وەک جەڕڕەی شەرابی پڕ نیشات و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ
مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهوو شکەم، مەیموون قەدەم
سم خڕ و کللک ئێستر و، مەنزل بڕ، و عارەق نەڕێژ
زەڕ و زەڕڕاقی وەکوو خاکستەر، ئەمما بێ غوبار
بەڕ و بەڕڕاقی وەکوو پیرۆزە، لاکین بێ کرێژ
سم وەکوو یەشم و لەپەشم و تووکی پێدا سەرنگوون
چاو وەکوو بیجادە یا دوو شەو چراغی شوعلە رێژ
گوێدرێژێ بار و کورتان بەرز و، پاڵانی بەزێن
چوست و ورياتر لە گوێ کورتانی پاڵانیی و گێژ
قانیعی بابی رەزا و رازیی بە پووش و دڕک و داڵ
ساڵیکی سەبر و تەحەممول، بوردەبار و هیچ نەوێژ
عاقڵێ بوو ناوی کەر بو، قاتیعی رێگەی سەفەر
خۆش سلووکتر بوو لە سەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و وێژ

(سائم الدهر)ی بە رۆژ، ئەمما بەڕۆژووی بێ نییەت
(قائم اللیل)ی سلووک، ئەمما سلووکی بێ نوێژ
چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت «نالیا»
هەردو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ

((
که تۆ هاتی لە نەومیدیی نەما باس
لە هیجر و ئینتیزار ئیدیی نەما باس
لە سایەی زوڵفی تۆوە شەو درێژە
لە سوبح و نووری خورشیدیی نەما باس
فەلەک تۆی دا کە ئەمشەو رۆژمان بووی
لە رەجمی نەجمی ناهیدیی نەما باس
حەوادیس جام و، دەوران بوو بە ساقی
لە بەزمی جامی جەمشیدیی نەما باس
شوکر جەمعییەتێکی بێ نیزاعە
لە شەڕی موددەعی و کەیدی نەما باس
رەقیب و موددەعی هەردوو لە خەودان
هەتا چەن ساعەتێکی دیی نەما باس
سەماعە، گەردشی عیشقە، حەقیقەت
لە سۆفی و رەقسی تەقلیدیی نەما باس
لە سایەی قەددی مەوزوون و دوو زوڵفی
لە «نالی» و شیعر و تەسویدی نەما باس

((

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە، لە هەیوولا نییە باس
لە حیکەم پەروەریی «بووعەلی‌سینا» نییە باس
سۆفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن
لەکن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس
بەزمی رەندانە ئەمە، مەلعەبەیی وەعز نییە
لە بەد و نێکیی و قەللابی‌یی دونیا نییە باس
ئەمە جێی رەمز و ئیشاراتی دەروونە، لە گەرووی ـ
تەنگی پڕ غەرغەرەیی واعیزی غەڕڕا نییە باس
بە سەراوێزەیی چاوێنەیی کەللەی سەریان
لە کەی و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس
جێی زوبان گرتن و دڵ رۆشنیی و سووتانە
موقتەدا شەمعە کە خامۆش نییە، ئەمما نییە باس
حەزرەتی هەیبەتە، نەک غەیبەت و رەیبەت «نالی»
ئەڵڵا ئەڵڵا، چ حوزوورێکە کە (ئەسڵا) نییە باس

((
سابوونی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلووس
خاسییەتی رەققی هەیە نەرمی زوبانی لووس
ئەی دڵ! خەراجی حاسڵی زوڵمانی بەحر و بەڕ
میراتی ئیعتیبارە لە فورزەندی فەیلەقووس
بونیانی کیبر و سەر کەشییە تاقی کیسرەویی
دانانی زوڵم و رووڕشییە تەختی ئابنووس
بنوارە بوونی ئەووەڵت و چوونی ئاخرت:
هاتی چ رووت و قووت و، هەڵاتی چ لووس و پووس
گەر فەڕ و تاج و زینەت و شەوکەت وەفای دەبوو
بێ دەردی سەر دەمانەوە بۆ تاوس و خەرووس
گەر ئاب و تابی جەننەتیی و دۆزەخیت دەوێ
بنوارە نێو چەوانی بەشووش و برۆی عەبووس
بۆ مەشقی عیشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی
«نالی» لە خامەدا بووەتە شاهی توڕڕەنووس

((

مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەت
شۆرە شەت یەعنی کە تێیدا خود بە خود قەل بوو بە بەت
هەڵگڕا، وەک مۆمی کافووریی بە شەودا، موو بە موو
دا سیاهی روو بخوێنم نوقتە نوقتە، خەت بە خەت
من دەڵێم شەو بوو بە رۆژ، نەفسم دەڵێ رۆژ بوو بە شەو
ئەو موسیبە، چونکە چاوی پێ سپی بوو، من غەڵەت
رەغەنی دیدەم رژایە سەر کیتابی خەتتی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپی، نووریش بەسەر ئەودا سەقەت
سەرد و گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش
پایزی روو، بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەت
وەجهەکەم ئیسمی بەیاز، ئەمما وەرەق زەرد و سیاە
با موخەتتەت بێ بە کافووریی کەشیدەی خۆش نەمەت
چونکە لەوحی رووسییەە ، رووزەردی بێ تەزیینییە
خوێنی چاوم جەدوەلی بێ، قەترە کانیشی نوقەت
نەقشی دوو موویی، بە دوو روویی، دەبێتهە عەیبی شەیب
ئاینەی روو پاکییە، رووناکییە نوور و شەمەت
یا گەدایێکە غەنی، یا پادشاهێکە فەقیر
لەم دووە خاڵی نییە «نالی» لە رووی حەددی وەسەت

((

قوربان مەحاڵە پێکەوە بن سەبر و ئیشتیاق
خاریج لە نەسسی ئایەیە تەکلیفی (لایتاق)
مەعنایی نوور و زوڵف و نەشری حەیات و مەوت ـ
بوو، روو زوڵف و رۆژی ویسال و شەوی فیراق
ئیزهاری ئیددیعایی تەسەببور لە وەسڵی تۆ
یا مەکرە، یا دەسیسەیە، یا کیزبە، یا نیفاق
بۆ تۆ کە بیکر و تازە، وەکوو حۆریی جەننەتی
قەیدی چییە عەجووزەیی دونیا بدەم تەڵاق
شیرینیی و، لە تاڵیی و ترشی عیتابی رووت
خاڵت لەسەر جەبین بووەتە دانەیی سماق
سۆفی لە فەقر و فاقە، وەکوو فاقە، فاقی دا
تەسبێحی دام و دانەیە، ریشی دو فاقی فاق
ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
دا مەهرووان ببن بە هیلالی شەوی میحاق
«نالی» کە سەدری مەسنەدی تەمکینی تەکیە بوو
بۆ تۆ بووە بە دەربەدەری کووچەوو سوقاق

((
چییە گوارە گوناهی، وا بە نەستەق
بە گوێ هەڵتاوەسیوە، سەر موعەللەق؟!
دەخیلت بم نەخیلی یا روتابی
وەها شیرین و، سینە نەرم  و، دڵ رەق
سەراپای گرتووی زوڵف، بۆیە بوویی ـ
موقەییەد، هەم موخەلخەل، هەم موتەووەق
لە پێت ئاڵاوە حەڵقەی ماری گێسووت
عەجایەب حەیی بێ جان قەیدی موتڵەق
کە لێڵ و سوور و کول بوو چاوی تیژت
ئەوەندە پێی دەڕێژیی خوێنی ناحەق
شوکر «نالی» سەری خەسمت وەکو گۆ
بە خواریی، نەک بە یاریی، کەوتە بەر شەق

((

ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزە سووک
تیری موژەت نیشانەیی  دڵ کون دەکا بە نووک
کوشتەی نیگاهی دیدەتە، گەر مەست، ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە، گەر شێخ، ئەگەر سولووک
نەقدی دڵێ کە رائیجی سەودایی تۆ نەبێ
مەغشووش و کەم عەیارەوو هەم قەڵب و هەم چرووک
سۆفی! وەرە ئەسەیری زوهووراتی باغ و راغ
لایێ هەموو شکۆفەوو، لایێ هەموو گوڵووک
دەستی چناری رووت و، سەری شاخ و، لێوی گوڵ
رازانەوە بە خەلعەتی دیباوو و بەرگ و نووک
دەس بەندیانە دێن و دەچن سەرو ونارەوەن
ساحێب کولاە و سایەوو بەرگن وەکوو مولووک
کانی دەزێن بە ئاو و، درەخت ئاوسن بە با
شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بووک
وەک چاوی وشکە سۆفییە کانی لە دار و بەرد ـ
دەردێن بە سەد تەرەننوم و گریان و نووکەنووک

رایێڵ و تار و، پۆیی کولووی بەفرە، ئابشار
با ـ بایدەدات و ماسی پێدا دێ وەک مەکووک
شەبنم کە نەزم و نەسرە لە ئەوڕاقی غونچەدا
گۆیا بووە بە زار و زوبان و ددان و پووک
«نالی» عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک

((

به هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام
به زستان دڵ شکستەی بەردی سەرمام
لە هێلانەی زەمیندا وەک شتور مورغ
منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام
لە قوربی (قاب قوسین)ی دو ئەبرۆت
منی (ادنی) چ دوور و دەربەدەر مام!
بەڵا گەردانی باڵات بم ئەگەر چووم
فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام
نەفەس هەروا لە رێدا دێت و نایێ
لە سەیر و مەیری ئەسبابی سەفەر مام
دەمێکە وا لەسەر پێیەک دەسووتێم
لە شەوقی تۆ بە میسلی مۆم و، هەر مام
وەرە قوربان! بە جان هەردوو برا بین
کە تۆ بێ مادەر و من بێ پودەر مام
لە (دار العلم)ی تەحسیلی مەعاریف
وەکوو «نالی» جەهوول و بێ خەبەر مام

((

ئەی تازە  جەوان! پیرم و ئوفتادەو کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم، کە بەسەر چووم
قوربانی وەفاتم
تۆ یووسفی نەو حوسنی لەسەر میسری جینانی
من پیرم و فانی
لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم
هەروا بە تەماتم
فەرقێکی نەکرد نەفسی نەفیسم بە عینایەت
وەحشی لە ویلایەت
لەم گۆشەیی وێرانەیە هەر مامەوە وەک بووم
وەیشوومی وڵاتم
ئەی قوببەیی تەیبە کە دەڵێی حوققەیی تیبی
مەئوایی حەبیبی
مسکێنم و بۆ و خاکی عەترناکە کە هاتووم
بەو بۆنەوە هاتم
هەر چەندە کە من عەبدم و رووزەردم و عاسیم
مەتمووڵە خەلاسیم

قوربانی بیلالم کە هیلالانە هەڵاتووم
هەر عەفوە خەڵاتم
موددێکە کە هەم گەردشی دەورانی سوپیهرم
موغبەڕ بووە میهرم
ئاوێنەیی دڵ شاهیدە هەرچەندە سییەە رووم
میرئاتی جەلاتم
ئەی مەسجید و میحرابگەهت قیبلەیی حاجات
بۆ ئەهلی موناجات!
مەحجووبی هەوام و، ئەمەتە مەشهەدی مەعلووم
بۆ راهی نەجاتم
ئەی مەتڵەعی ئەنواری هەموو قاسییو دانی
شەمسی سەمەدانی
وەک زەڕڕەیی بێجیلوە نە مەوجوود و نە مەعدووم
جۆیایی بەراتم
لەم خاکی دەری رەحمەتی بێ زەحمەتە، «نالی»
فیردەوسە مەئالی
حاشا کە لەمێدا ببمە سائیلی مەحرووم
هەرچەند لە عوساتم

((

حەنایی کردووە پەنجەی بە  خوێناوی دڵی زارم
ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم
گوتم: ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟
برۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێ زارم
عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
بە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ، ئەرچی بێدارم
تەبیبی من دەبێ دەخڵی هەبێ، ساحیب ئیشارەت بێ
مەگەر چاوت بزانێ من لەبەر چی مەست و بیمارم!
بە سەروم وت کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی، کەچی لەرزیی
کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم!
لە شیرینی ئەتۆ، ئەی خوسرەوی تەختی زەمین، ڕەنگە
بگاتە ئاسمانی بێستوون فەرهادی هاوارم
برۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو
خەتت هات و وتی: من ناسیخی توغرایی خونکارم
سەراپا هەروەکوو حەڵقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم
بە یەک یەک تیری موژگانی زرێ دۆزت بریندارم
حەمایێڵ کە دەمی تێغت، لە حەڵقەی گەردنی «نالی»
مەگەر تێراو ببم بەو ڕەنگە، تینووی ساعیدی یارم

((
دەورانییە، وەک هێڵەکی سەودا، سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم
هەر پەرچەم و پێشانییە فیکری شەو و رۆژم
هەر گەردەن و زوڵفە ئەمەلی دوور و درێژم
بێ دیدەوو دیداری، هەموو خوێنە گرینم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ، لالە دەنێژم
رەنگ و ئەسەری شۆڕشی لەعلی نمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سووریی و سوێرییە دەرێژم
بێ نیییەتی تەقبیلی دەمت عاتیلە رۆژووم
بێ حەزرەتی میحرابی برۆت باتیلە نوێژم
«نالی» وەکو لالە کە شەهیدی غەم و داغە
لەم باغە بفەرموو کە ئەویش لێرە دەنێژم

((

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئیستە خەمۆشم
لەو گەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت
بەو پێیە کەنارم کە پڕە دامەن و کۆشم
وەک توڕڕەیی پێچیدەیی تۆ ساغ و شکستەم
وەک نەرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم
سەر خۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و، ئەمێستاش
قوربان، سەری تۆ خۆش، کە نەماوە سەری خۆشم
شێخیی و، سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشی
«نالی»م و بە رووتی لە هەموو دیدە دەپۆشم

((
شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
مەشغووڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم
لەم حوجرە، لەبەر پەنجەرە کەوتووم وەخوێنم
بی عەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەسێکم
هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون
وا تێمەگە، قوربان، کە گەدا، بولهەوەسێکم
گەردەن کەچی تۆم بێ کەشش و رست و قەلادە
وا زەن مەبە ناعارف و هەرزە مەرەسێکم
وەڵڵاهی کڵاوی سەری من چەرخی دەماڵی
ببوایە بە دامانت ئەگەر دەست رەسێکم
باوەڕ مەکە رۆح سەختی غەمی فیرقەتی تۆ بم
بۆ هاتنی تۆ باقییە نیوە نەفەسێکم
هەر لەحزە دەڵێم من سەگی دەرگام و، رەقیبش
دێتە سەر و چاوم کە منیش سەگ مەگەسێکم
گرتوویە سەگت چاکم و لای تۆمەوە دێنێ
یەعنی وەرە «نالی» کە منیش دادڕەسێکم!

((
ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەر و ماڵم
بنوارە چ سەییادە، چ جەللادە بە حاڵم!
عاشق ـ دەڵێ ـ نابێ کە بدا خۆی لە داوم
زوڵفم کە هەموو داوە، هەموو دانەیە خاڵم
بۆ تۆزی رەهت دیدە سەقاوو موژە جاڕووب
ترسام کە لە پێت چێت دەمێ جێت بماڵم
باری غەمی جان ئەبرووەتی تیر و کەمان کرد
یەعنی قەدەکەی ئەلفی منە ئێستە کە دالم
دەستم مەخە سەر، تا قەدەمم سووتووە، چاوم!
یاخۆ بە شیفا هاتووی؟ چەندێکە ئەناڵم
رەنگینە بە خوێناوی دەروونی، دڵی «نالی»
بنوارە دەڵێ خۆ خەنەیە پەنجەیی ئاڵم

((
لایقی مەخزەنی تەبعە هەمو کەنزی غەزەلم
قابیلی زەربی رەواجە زەڕ و زیوی مەسەلم
سایەیی پایە وەکوو باڵی هوما و بازی سپیم
نە وەکو بوومی قەدەم شووم و، نە هەمرەنگی قەلم
کەو کەبەی تەلعەتی شاهانەیی تۆم بورهانە:
کە لەسەر موددەعی، سوڵتانی موبینە جەدەلم
رۆژ سەری کوڵمتە رووناکی نووری بەسەرم
شەو خەمی زوڵفتە تاریکی توولی ئەمەلم
حەرەکاتم سەکانات و، سەکاناتم حەرەکات
چوستە، سستی، قەوییە زیعف و، سەریعە کەسەلم
بێش و کەم بێ شکەم و  حیرس، وەکوو تیفلی رەزیع
زاوییە بێشکەم و، بێ شکم و بێ حییەلم
خوانی زی شانی جیهان هەنگی خۆشاهەنگە، وەلێ
مێشی دەم نۆشم و، دوم نێشم و، عەکسی عەسەلم
عاجیزی شوکری تەمامی نیعەمم سەر تا پا
کە نەڕیش بەڵم و، نە کۆسە و، نە کەل و گۆج و شەلم
«نالی»ی و سینەیی بێ کینەیی چاکم، ئەمما
چاکی دامەن تەڕم و، وشکە سەرابی عەمەلم

((
عەەزیزم، رۆحی شیرینم، دو چاوم!
دەوای زامی دڵ و جەرگی بڕاوم
ئەتوشا، من گەدا دادم بپرسە
لە زوڵمی چاوی بیمارت کوژاوم
ئەگەر نەیدەیتە دەس خۆم قاتیلی خۆم
لە رۆژی ئاخیرەتدا بێ پێناوم
دەسا لادە سەری زوڵفت لەسەر رووت
کە رووتی رووتم و مایل بە تاوم
لەباتی خوێنی خۆم رازیم بە ماچێ
دەسا بیدە هەتا زیندووم و ماوم
ئەوا نیشانەیی مەرگم عەیانە
کە من غەرقی خەم و خوێن و زوخاوم
مەکەن مەنعم لە شیوەن ئەی رەفیقان
کە مەحزوون و غەمین و دڵ شکاوم
لە ژینی خۆم ئومێدم قەتعە «نالی»!
کە سووتاوە هەموو جەرگ و هەناوم

((
گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم
من بە برسی قەت مەزانە، غەم دەخۆم
ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو
سوێر و تاڵی دەمدەم و ژەمژەم دەخۆم
تا سەری زوڵفت لەسەر روو حەڵقە دا
من وەکوو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم
ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من
ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم
شەربەتی خەوف و رەجای ئەغیار و یار
ترش و شیرین هەم دەچێژم، هەم دەخۆم
من لە تەوری عالەم و دەوری فەلەک
زەربی لازیب، زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم
تاڵی بێیار و دیار و تار و مار
عەلقەمی چی؟ ئەرقەمی چی؟ سەم دەخۆم!
نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتییە
من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم
غەم دەڵێ «نالی» کە غەم خوارێم نەکا
ناعیلاجم من بەنی ئادەم دەخۆم

((
وەی کە رووزەردی مەدینە و رووسیاهی مەککە خۆم!
دەرکراو و دەربەدەر، یا رەب دەخیلی عەفوی تۆم
دەفتەری ئەعمالی من، بێ قەترەیێکی رەحمەتت
کەی بە سەد زەمزەم سیاهی نوقتەیێکی لێ دەشۆم؟!
کەعبە ئیشراقی وەکوو خورشیدە، من چاوم زەعیف
لێم بووە رۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم!
بۆ جیواری حەق لە هەر جێ سیدقی نییەت کافییە
من لە (بیت الله) ئینشەڵڵا (بارِن الله) دەڕۆم
لێم حەرامە دانەوو ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدە بازم نەک شەوارەی دەستەمۆم
تا بەکەی وەک راوییە و، وەک سانییەی سێ پەل شکاو
بێ تەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و، هەر بخۆم!
من لەوانەم چی کەوا ئەهلی وەسیلەو مەسئەلەن
عامیل و ناچار و مەعزوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم!
خەوفی من لێرە لەبەر زۆریی گوناهە یەک بە سەد
گەرچی عاسی و موزنیبم ئەمما موقیڕ و بێ درۆم

شادمانی بێ وەفایە، یاری تێریی و مەستییە
یاری تەنگانەم غەمە با هەر غەمی خۆم، خۆم بخۆم
لامەدە «نالی» لە ئەنباری جیرایەی ساڵحان
گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی رۆم

((

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە، جەوابی نادەم
موددەتێکە لە قەفەسدایە، عەزابی نادەم
مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گوڵ و موڵ
بە دوسەد مەدرەسەوو دەرس و کیتابی نادەم
گوتم: ئەی ماە، دڵی من بە دڵی خۆت بکڕە
گوتی: من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم
گۆشە گیرم لە برۆت و، موتەوەحیش لە موژەت
ڕۆحی شیرینم ئەبەر شیر و قولابی نادەم
تەڵەبی سینەیی چاکم مەکە بەو چاوانە
سینەکەم چاکە بە ئینسانی خەرابی نادەم
«نالیا» ئەم غەزەلەت تازە بە تازە و تووە
بە دوسەد (مەسنەوی)ی و (لوببی لوباب)ی نادەم

((

(فاتیحە) تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم

موددەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم

حوکمی قانوونی سەفا رۆیی لە رەومی روومەدا

تا هووەیدا بوو لە رۆما گەردی ئاشووبی عەجەم

لەززەتی دنیا کە هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب

ئەووەڵ و ئاغازی جەور و دەردە، ئەنجامی ستەم

تۆزی ئایینەی سکەندەر وا بەدەم باوە، وەلێ

گەردی دامانی غەریبانە بلووری جامی جەم

بۆ دەکەی تەکلیفی رەسمی ئولفەت و یاریی لە من؟

کەی بە سوحبەت ئاشنایە سالیکی رێگەی عەدەم

من مەتاعم جاوە، چاوم! باخەبەر بێ موشتەریی

تا غەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم

کەی دەکا شەرح و بەیاناتی روموزی دەردی دڵ

رووڕەشێ هەروەک دەوات و ،دوو زوبانێ وەک قەلەم

«نالیا» بێ هیممەتی تا کەی بە دەست میحنەتتەوە

فاتیحیی و رۆستەماسا، ساحیبی تێغ و عەلەم

((
که تۆی قیبلە، دەمت سا بێنە، قوربان!
لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە،قوربان
وەرە بنواڕە دوو دەستی حەناییم
حەنایی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان
شەقی کە، غیری حوببی تۆی تێدا بێ
بە دەستی خۆت دڵم دەربێنە، قوربان
لە بۆ خەڵقی خەڵات بەخشانی ماچە
خەڵاتی من هەموو خۆ جوێنە، قوربان
فونووری چاوەکانت نانوێنی
بە «نالی» فیتنە بەس بنوێنە، قوربان

((

رەفیقان! من ئەوا رۆییم لەلاتان
لە مەزڵومان بڵا چۆڵ بێ وڵاتان
بڵا سا شار بە شار و دێ بە دێ بین
لە دەس یاران بکەین تەیی وڵاتان
مەڵێن کەڵکی نەبوو، رۆیی، جەهەننەم
سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان
سەفەرمان چونکە رێی هات و نەهاتە
دوعامان بۆ بکەن، ئێوە و خوداتان
منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من بڕۆم، بشکێ سوپاتان
شکاری وەحشییان بەس دەستەمۆ کەن
نەوەک بەر بێ شکاری خانەزاتان
ئەوەند ئەرجوو دەکا «نالی» کە جار جار
بکەن یادی موحیببی بێ ریاتان

((

له دو گمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان
له خەوفی تەلعەتی رۆژ هەروەکوو شێت
به رووزەردیی هەڵات و کەوتە کێوان
دو چاوی من کەوا کەیلی سوروشکن
دەپێون ئاوی بەحری خوێ به پێوان
مەکەن لۆمەی پەشێویی دڵ کە ئەمشەو
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان
شەرابی لەعلی روممانی له «نالی»
حەرامە، بێ مەزەی ماچێکی لێوان

((

ئەهلی تەعدادی مەحاسین نووسییان
خاڵ یەک و، زوڵفی دووان، هەر دوو سییان
کوفری زوڵفە تار و، ماری ئەرقەمن
سفری خاڵە، حەڵقەیی هیندووسییان
زوڵفی جەڕڕاڕی سەفاسەف خستە پێش
یەعنی زەنگی لەشکری قیرووسییان
ئەم غەزالانە کە نەقشی دیدە من
تەن سپین و چاو و خاڵ و موو سییان
حاکمانی مەحکەمە نامە سییان
قەت نەماوە غیرەت و ناموو سییان
نەرم و زەرقی خەرقەیی سالووسیان
شاهیدی زوورە زوبانی لووسیان
چاوەکەم! مەنوارە رەنگی زاهیریی
خۆ دەزانی (روو سپی) چەند روو سییان
ناوی مەخمووران نەبەی «نالی»! لەنێو
حەلقەیی واعیز، لەوێن جاسووسیان!

((
ڕەقیب و موددەعی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادووتن
لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن
نەباتاتی زەویی وەک مونزەویی هاتوونەدەر، یەعنی
هەموو سەرخۆش و مەست و ڕۆژپەرست و عاشقی ڕووتن
وەرە نێو بەزمی گوڵزاران و گوڵ زاران، تەماشاکە:
سەراسەر پێکەنینی گوڵ، لەبالەب غونچە پشکووتن
چ قەسر و دائیرە و تاقێ، تیا تۆ تاقی ئافاقی،
نەی و موتریب، مەی و ساقی، گوڵ و بولبول هەموو جووتن
لە شەوقی ڕوویی شەمع و، زوڵفی دوود و، تورڕەیی مەجمەر
سوپەند و، عوود و، پەروانە، بخوور و، غالییە سووتن
حەببیان هەمدەمی ئاهوو دەنۆشن ڕاحی ڕەیحانی
ڕەقیبان هەمدەمی ئاه و دەکێشن دووکەڵی تووتن
گەلێ شێر و پوڵەنگ و باز و شاهێنی شەهەنشاهی
وەکوو «نالی» بە دڵ نێچیری ڕاوی چاوی جادووتن

((

ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوومن
موشکیل، بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکوو من
تا نەشئە نەچێژن لە لەبی کەوسەری ساقی
بێچارە چوزانن کە هەموو مەستی زەقوومن
رووناکیی روو شەوقە لە نێو زوڵمەتی موودا
وەجهی ئەمەتە دڵ هەمو پەروانەیی موومن
زوڵفم بە نەسەب سیلسیلەیی ریفعەت و شانە
من دەیخەمە بەر پێ کە حەبەش زادەیی روومن
من سەروی رەوانی چەمەنی عالەمی باڵام
«نالی» بە توفەیلی، بووەتە سایە لە دوو من

((

دووری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من
باری خودایە کە تۆ، بگری سەبەبکاری من
مەستی خەیاڵی ئەوە، لەحزە ژمێری شەوە
دوژمنی خوێنی خەوە، دیدەیی بێداری من
دیدە نیگەهبانی یار، تیپی سریشکم هەزار
ناڵەیی دڵ نەی سەوار، ئاهە عەلەمداری من
گریە بە خوڕ دێتە خوار، هەروەکو عەینی بەهار
خۆش بووەتە ئابشار مەدمەعی سەرشاری من
دولبەری عالی دەماغ، هەم قەدەمی سەروی باغ
بێتە نەزەر گەی قەراغ، دیدەیی جۆباری من
حیکمەتی تۆ مولهەمە، هەم قەدەمت مەرحەمە
موستەحەقی مەرهەمە، سینەیی ئەفگاری من
شاهیدی عەدلە و وەفا، مەعدەنی سیدقە و سەفا
هاتووە دەرمان بکا، قەلبی بریندرای من
ئەی تەلەفی گفتو گۆ، جامیعی کیزب و درۆ
واعیزییە ئیشی تۆ، عاشقییە کاری من
مەشرەبی «نالی» گەلێ بابیی و ترشە، بەڵێ
موعتەریفە خۆی دەڵێ: چا نییە ئەتواری من

((
خەندە و دەمی (مەحبووبە) کەوا زۆر نمەکین
بەس خۆشە ئەگەر خۆ، نمەکی زەخم و برینن
غیلمانە، گوتم، خاڵی لەتیفت کە لە سەر دا
ئەم قیبلە برۆیانە کە غارتگەری دینن
ئاهوویی حەرەم قیبلەیی ئەبرۆن کە بە دیدە
ئەم شەهد لەبانە کە هەموو شاهیدی چینن
سیمین بەدەن و، سەرو قەد و، لەنجە تەزەرون
کافر نیگەە و، رەشک، لە بوتخانەیی چینن
دندان گوهەر و، لەب شەکەر و،پەنجە بلوورن
نازک بەدەن و، موو کەمەر و، سیم سرینن
زوڵفانی سییەە ماری بە ئازاری دڵی زار
گاهێ لە یەسارن بە جەفا، گەە لە یەمینن
موژگانی سییەە مەستی وەکوو چاوی (حەبیبە)
غارەت کە بکەن، دێن و دەچن، رۆح بڕفێنن
«نالی» وەرە لادە لە خەدەنگی موژەیی یار
ئەو کافرە مەستانە، کە غارەتگەری دینن

((

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن
حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن
نەرگس نیگەە و ساق سەمەن، کورتە بەنەفشەن
موو سونبول و، ڕوومەت گوڵ و، هەم لالە کولاهن
گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو سەف و ،ئاتەش بە کەف و، تیز نیگاهن
سەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادیی ئەیمەن
قامەت شەجەر و، مەزهەری ئەڵتافی ئیلاهن
گەە تاوس و، گەە کەبکن و، گەە بۆقەلەموونن
گەە ئاتەش و، گەە شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن
لالەن بە بەدەن، ئەتلەسی ئەخزەر کە لەبەر کەن
نەوڕەستە گوڵن، بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن
تەنهایی سەمەن بەرگی بەنەوشە کە لەبەر کەن
وەک نووری دڵی موئمین و زوڵماتی گوناهن
بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەرو قەدانە
سۆفی لە تەڵەبدان و، هەموو سالیکی ڕاهن

بۆ زوڵف و روخ و ئەبرووی چون زوڵفی سیاتان
عالەم وەکو «نالی» هەمو باناڵەوو ئاهن
«نالی» بە خودا حەیفە دەڕەنجێنی دڵی خۆت
ئەم تاقمە مەخسوسە هەموو ساحیبی جاهن

((

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین
کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین
برۆت هەر چین و پەرچەم چین لە سەر چین
ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟!
شکافێکە کڵافەی نافی زوڵفت
دەڕێژێ میسک و عەنبەر لێرە تا چین
لەسەر بەرگی گوڵێکی باغی حوسنت
هەزار، گوڵچینی بێ بەرگ و نەواچین
ئەتۆ مێهرین و مەهرووویان ستارەن
لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین؟!
هەموو زەڕراتی میهری رووتە با قین
خودامان بۆ بەقایە، لێرە لاچین
بڵێ «نالی» بە ئەربابی وەفا: بێن
هەموو موحتاجی خاک و بێڵ و پاچین

((
به جان سەختیی و دڵ بەردیی، من و تۆ
بیعەینی هەروەکوو پۆڵاوو بەردین
وەرە با ئاگرێکی وەسڵی خۆمان
بخەینە قاوی عومری دوشمنی دین
رەقیب و موددەعی وەک پووش و پووشوو ـ
بسووتێنین، کە وەک بەرقین، لەبەر قین
مەفەرموو دڵ وەکوو ئاوێنە سافە
بەڵێ بەم ئایینە بۆی بووی بە خودبین
وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم:
کەوا فەقری غینایە، مردنی ژین
تێدا ئوممێد و بیم و گریەوو سۆز
بەهار و پایز و زستان و هاوین
لە گەڵ مورغی چەمەن «نالی» دەناڵێ
کە یەعنی عاشق و هەم فەرد و فەردین

((

وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە، کەوا گرتوومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومە داو
دوودی سەرمیچی گوڵەنگی لەتلەتی دەسرازە کۆن
بان و دیواری بە میسلی لانکەی ئەجزا شکاو
هەر لە سەربان دار بە داری رایەڵی بژمێرە وەک
لا پەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێ بە ناو
رۆژ و شەو خۆش خۆش لەباتی کا گەڵای پێدا دەکەن
وەک گەلاڕێزانی پایز یەک یەکی دەڕژێنە ناو
هەر لە ئیستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ
رەنگە ناوی لێ بنێی چوار تاقی سەرما تێ خزاو
ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بە غەمگینی دەڵێین
ئەی خودا چ بکەین لەژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو
رۆژی هاوینی وەها مسقاڵە زەڕڕەی پڕ دەبێ
نیمە زەڕڕێک سێبەری تێدا نییە غەیرەز هەتاو
فەسڵی هاوینی جەهەننەم، فەسڵی ئیستای زەمهەریر
زەمهەریر کەی وا بە تەئسیرە و، جەهەننەم وا بە تاو؟

نەییری ئەعزەم وەها تاوی دەدا وەک مەنجەنیق
بۆ دەوامی رۆژپەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو
دار و بەردی پەنجەرەی وەک نەسجی بەیتی عەنکەبووت
مەنعی هیچ ناکا حەتا مێشیش کە خۆی لێدا بە تاو
رۆژی تەرزە چەندە مینای دڵشکێنە و سەر شکێن!
رۆژی باران چەن شڕە و بێعیسمەتە و ئابڕوو تکاو!
رۆژی بەفر و با وەک ئاشە رۆژی باران قونفەیە
ساحیبی لازم کە بیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو
کاسە بۆیە لازمە تا ئاردەڵۆکی دەربدا
سەوڵی بۆیە لازمە نەک جۆگەلە بیبا بە تاو
وەزعی ئاشی گەر نەبێ، بۆچی دەبێ پڕ ئاردەڵۆک؟!
تەبعی قوففەی گەر نەبێ، بۆچی دەنیشیتە سەراو؟!
کاسە و کەوچک، حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەر وەکوو
کیسەڵ و ماسی و جلە دێن و دەچن پڕژ و بڵاو
رۆژ پڕە گوێمان لە بەر ئەنهار و جۆگە و هاژە هاژ
شەو نییە خەومان لە بەر قرژاڵ و بۆ و ژاوە ژاو
ئەو دەلاقەی تێ دەخا چشت و مەکی پێدا دەبا
من لەوێ حەیران دەبم وەک ماڵ بڕاو و ماڵ براو
حوجرەکە ئاوس بوو، وەعدەی خۆی بە هارێ بۆ بزێ
وەزعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو
خۆ زگی نیشتۆتە ئەرزی و، توو مەزا هێشتا وەکوو
نوتفەکەی هەر ئاو بو، بەر باوێت لە بەر هەور و هەڵاو
ئاسمان تەرزەی کە لێدا، بەردە بارانمان ئەکا

سوختەکانمان رادەکەن، پاڵوو پساو و قوون دڕاو
رادەکەن بۆ جانیبی دوکانی جەڕڕاح و تەبیب
چاک و دامەن هەڵکراو و، سەر شکاو و تەنگە تاو
لوتفی بانگوش بۆ کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان
گەر بەنی ئادەم بخنکێنین، سەراوە نەک بناو
چونکە نەتکرد قوڕ بە سەریا تا وەکوو تەسکین ببێ
مەیدەرە بەر پێلەقە، تۆ خودا، بڵا بگری بە تاو!

((
هەر چەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو
ئەی جامیعی دونیا و قیامەت بە خەیاڵات
ئەو رۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو و نە ئەمت بوو!
بێزارە لە تۆ ئیستە، هەماغۆشی عەدووتە
دونیا، کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو!
دوێنێ چ بو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت؟!
ئەمڕۆ نە دەمت بوو، نە دەمت بوو، نە دەمت بوو!
عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا
بمرە لە غەمیدا کە هەموو سەرفی غەمت بوو
وەک شەڵتە پەین گەه پڕ و گەه خاڵی‌یە بەتنت
سەوم و ئەمەلت باعیسی نەفس و شکەمت بوو
«نالی» چی‌یە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی،
خۆ تۆ بە حیسابی وەکوو پەراوانە شەمت بوو؟!

((

تا فەلەک دەورەی نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو
تا نەگریا ئاسمان و، تەم وڵاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو
تا چەمەن پیرا لە سەر، ئەسڵی درەختی لانەدا
فەرعی تازە، خورڕەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبوو
تا (سولەیمانان) نەبوونە سەدری تەختی ئاخیرەت
(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو
قیسسە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو
بۆ نشینگەی مورغی رۆحی ئەو کە عالی فیترەتە
جێگەیێ خۆشتر لە رەوزەی (جنە الماوی) نەبوو
وەک قیاسێکی کە موسبەت بێ، نەتیجەت بێتەجێ
حەمدو لیللا شەە کە عالی جا بو، خاڵی جا نەبوو
شاهی جەم جا «نالیا» (تاریخ جم) تەئریخیە
دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو

((

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی، فەرەقی بوو
مەکسووری رقی بەو دڵی وەک بەردی رەقی بوو
ئەو نەشئە کەوا ساقی منی پێ لە خودیی سەند
نەک نەوعە رەقێ بوو کە لە قەترەی عەرەقی بوو
خەندەی نەفەسی تۆ بو وەکوو سوبح و نەسیمی
یا گوڵ دەمی پشکووتن و، عەتری وەرەقی بوو
رەققێتی تەن و، ریققەتی دڵ، روقبەتی تاعەت
مەخسووسی رەقیب، بۆ لە منی خەستە رقی بوو
هێند مونتەزیری تۆ بو هەتا چاوی سپی بوو
نەرگس، کە لەسەر یەک قەدەم و دیدە چەقیبوو
تا پێ نەکەنی گوڵ بە دەمی بادی سەباوە
نەمگوت: کە شەوێ بولبولی بێچارە حەقی بوو
«نالی» لە هەوا کەوتە سەما، بوو بە شەناوەر
بەو وشکە مەلە بیمی هیلاکی غەرەقی بوو

((

دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ

دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ

خەریکی شەش دەری هات و نەهاتم

خەلاسیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ

لیباسم ماتەمە، شینە، لە شیندام

سوروشکم سوورە، رەنگم زەردە بێ تۆ

عەزیزم! دڵ رەقە و، خۆم فەرد و تەنهام

دەترسم بمکوژێ ئەم دەردە بێ تۆ

بە بێ دیداری تۆ خۆ لاڵە «نالی»

عەجەب هەستاوە ئەم چەن فەردە بێ تۆ

((
نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم، شەرت بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
دەروونم خاڵییە، وەک نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ
بینابیم کوێرە، هەڵنایێ بە رووی کەس
موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ
هەموو ئەغزایی ناڵینم دەناڵێ
سەراپام میسلی مۆسیقارە بێ تۆ
قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ
لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ
لەکن من با وجوودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ
هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ
هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ
لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی (نالی»
دو جۆگە، بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ

((

زوڵفت کە لەسەر روو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ
دوودی سییەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ
دەستم کە بە سەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە
جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ
خاڵت چییە؟ دانەی گەنمی جەننەتی رووتە
چاوت چیە؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆ
شەو بۆیی سەری سونبولی زوڵفت لە سەری دام
ئیستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ!
نەمبیستووە هەرگیز لە دەمت بێنی وەفایێ
هەرچەندە سەراپا گوڵی، ئەمما گوڵی هێرۆ
قوربان وەرە تا ئەم غەزەلە تازە لەبەر کەین
عیزز و شەرەفی «نالی» بە تەشریفی قەدی تۆ

((
شەوی یەلدایە، یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو؟!
دڵم وەک حاکمی مەعزوولە، قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە، بۆیە
لە من وەحشی و رەمیدە و دوورە ئەمشەو
کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو؟!
لە خەو هەڵساوە، یا ئاڵۆزە چاوت؟
هەمیشە وایە، یا مەخموورە، ئەمشەو؟
سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
جێگەم سەر دارەکەی (مەنسور)ە ئەمشەو
موسوڵمانان دەپرسن حاڵی «نالی»
لە کونجی بێ کەسێ مەهجوورە ئەمشەو

((

ساقی! بە مەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەو بە
بشکێنە بە یەک نەوبە دوسەد ماتەمی تەوبە
ساقی قەدەحی گەردشی گەردوون دەشکێنێ
باریی، کە دە بێ موعتەقیدی گەردشی ئەو بە
ئەی نەفسی مورائی چ گران باری، تەکالیف ـ
بۆ خەڵقی دەکێشی...دە هەرۆ ریش و جەدەو بە
بوغزت لە زەعیفان چییە قوربان، وەکو قەسساب ـ
بەو خەزز و بەزی ریشوەتە، ئەی هیزە! قەڵەو بە
ئەسپی نەفەست دێت و دەچێ، گەرمە عەنانی
ئەی مەستی ریازەت هەڵە! هوشیاری جڵەو بە
وەک ماه و ستارەت کە ببێ مەیلی هەڵاتن
سەرکردەیی رۆژ، رەهرەوی شەو، رەهزەنی خەو بە
«نالی» مەبە عاجز، کە ئەمە دەورە نە جەورە
ساقی کەرەمی یەک بە یەکە و نەوبە بە نەوبە

((
دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە)
وەبزانە خوێنی خۆمە، یا میننەتی رەقیبە
سەر بەردەبازی رێتە، تەن تەختە بەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە، رۆحماڵی خۆتە، بیبە
تۆ نەو شگوفتە وەردی، من مایلم بە زەردیی
تۆ هەمسەرت نەسیمە، من هەمدەمم لەهیبە
شاهێنی دیدە بازە، مەستی شەرابی نازە
دڵدار و دڵنەوازە، دڵ کێش ودڵ فریبە
ئەو تیفلە خورد سالە، هەر چەندە وەک غەزالە
ئەمما کە هاتە نەخچیر، شێر سەولەتی مەهیبە
دڵ پەی دەکا نیگاهی سەهمی موژەی سییاهی
رەمزی هەموو بەڵایە، غەمزەی هەموو موسیبە
ئەی چاوی پڕ نەدامەت، دڵ پڕ غەم و غەرامەت
بگرییی، کە وشکە سۆفی لەم فەیزە بێ نەسیبە
ئەی خەڵوەتی مورائی، بێ رەنگی خود نومائی
رەنگ زەردی عاشقی بە، نەک زەردڕوو و شەقی بە
«نالی» لەبی (حەبیبە) هەم تیب و هەم تەبیبە
خولاسەیی لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە

((
خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە
یەعنی نوقتەی فەرقی ئیبنو موقلە ویبنو حاجیبە
عەیب و لەعبی خەڵقی کرد تا یاری خستە داوی خۆی
خەسمەکەی من کەلبی ئاهوو گیرە، خیرسی لاعیبە
لەشکری خەتتی شکستە و، تیپی زوڵفی تار و مار
پادشاهی حوسنی عالەمگیری هێشتا غالیبە
حازری ئەمر و خیتابە دڵ، ئەگەرچی مەنهییە
راجیعی تۆیە زەمیری من، ئەگەرچی غائیبە
«نالی» ئیستە تاجی شاهی و تەختی خاقانی هەیە
شەوکەت ئارا، موحتەشەم دیوانە، فیکرەت سائیبە

((
دَروُنقی لقدارٍ ال (شّارَزُورِ) وَ بَرْدقەق
کَفْرْمَیسْک گَرْمٍ الی اوق سَرْدقەق
تَری وَردَه قُوتاً و جُوتیَ و سایقاً
فیاقُوتَتیق مقن جُوتقەق یُمَّ فَرْدقەق
تَری عینَهَ الابدانق مقنْ (خاک خولق)ــه
تَری مَنْدَلَ الاوراق مقن تُوزُ گَردقەق
تَری دَشتَهً بقالْوَرْدق کانت بَهَشْتَهً
یُمَّ الوَردق باران علی خاک بَردقەق
شَوانی (سلیمانی)، لّبای (پیر ملّور)کَی
کقوانی (قرَەداغ) هَوای (دارٍ زَردق)
کانَّ کَنارَ ارقُقەق اسمانَه
لبقرزقیٌّ دُوریٌّ لقسَبْزقیّق عَرْدقەق
اما (سَر چنارٌ)، عَینیق جارِیَه لَهُ
اما (تانْجَرو) قَد لّارَ مَجْنونَ هَردقەق
قباغاتُه داغاتُ جَرْگ الشَّقائققق
فَوادَرْدَتیق مقن خار خاریق لقوَرْدقەق
و کقم نالَ «نالیق» مَن شفا ساققیانقەق
شقفاً، هَل شفا مَن نالَ «نالیق» بقدَردقەق

((
له دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندوورە
شەتی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە
بە ناری عیشق و ئاوی دڵ، جەسەد وەک حەزرەتی مووسا
تەریقی: بەحری فیرعەون و، رەفیقی: ئاتەشی توورە
دەچێ بۆ لای رەقیب، خۆشە، وەلێ ئەو داغە کوشتوومی
لە کن ئەو چەندە مەجبوورە، لە لای من چەندە مەغرووە
پەیامت هات و پەیکت رۆی، خەیاڵم نارد و نەیگەیێ
رەسووڵم کەوتە رێ، گرتی، هێنای وەک ئاگرە سوورە
کە دیتم شەکڵی سەد رەنگی، گوتم: بابایی عەییارە
کە بیستم لەفزی بێ دەنگی، گوتم: شەیپووری شاپوورە
گوتم: راستی سەبا هەڵسە! گوتی: مەشرەب موخالیفیە
گوتم: نارێ، گوتی: بایە، گوتم: ئەوجێ، گوتی: دوورە
گوتم: قوربانی تۆ من بم، گوتی: قوربانی تۆ سەگ بێ
گوتم: شیشەی دڵم ناتوێ؟ گوتی: بۆ چیمە؟ مەکسوورە
خەراباتی دڵی «ناڵی» مەفەرموو: خاڵییە، نایەم!
بە مەرگی تۆ قەسەم، چاوم! بە زیکرت بەیتی مەعموورە..

((
وەسفی روخساری لە فیکری بەنی ئادەم بەدەرە
ئیبتیدای مەدحی دەمی وەک خەبەری بێ ئەسەرە
نەو نیهالی قەدی تۆ عەرعەرە، دڵخواهی منە
راستە دڵدارە، وەلێ حەیفە کەوا بێ ئەمەرە!
قامەتی سەروی، ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە؟!
تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دووکەڵە، بۆچ ناری بەرە؟!
زوڵف ئەگەر دووکەڵە، دووکەڵ بەری گوڵناری نییە!
سەروە گەر قامەتی، کەی سەروی رەوان بارەوەرە؟!
بە حەقی جەرڕی هەیاسەی زەڕ و کاکۆڵی سەری
دڵی گوم گەشتەیی من کوشتەیی پشت و کەمەرە
بێ ئەگەر بێتە دەرت، دەیدەیە بەر شەق وەکوو گۆ
نییە زاتیشی نەیێ دڵ، چ بکا، قوڕ بە سەرە
لە دەمی ناڵەیی زارم، دڵی پڕ زەمزەمەکەم،
وەلوەلەی حەلق و گەرووی «نالی» لە گەردوون بەدەرە

((

ئەی ساکینی ریازی مەدینەی مونەووەرە
لوتفێ بکە، بفەرموو، مەدینەی منە و، وەرە
عەرشی بەرین کە دائیرەیە، رەوزە مەرکەزە
فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەرە
تەیبە، کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەموو عەبیر
تەیبە، کە یەعنی مایەیی ئەو میشکی ئەزفەرە
تەیبە، کە یەعنی رۆژ و شەوی تیبی عالەمە
رۆژی کە وشکە، شەو تەڕە، کافوور و عەنبەرە
لێوم، لە رۆژی رۆشنی کافووری وشکی، وشک
چاوم، لە شەبنمی شەوی وەک عەنبەری تەڕە
تەیبە، کە یەعنی تەبیب و تاهیر بە رەوحی رۆح
فەرقی ئەڵێن: گڵی لە گۆل، ئاوی لە کەوسەرە
یەعنی گوڵاوی قودسە گڵاوی رەفع ئەکا
ئەو خاکە چاکە پاکەو و ئەو ئاوە مەتهەرە
«نالی» کەوا سەگی سەگی ئەو مەرز و بۆمەیە
ئەمما سەگی موعەللەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە
فەرشی پەڵاسە، دۆشەکی خاکە، سەرینی بەرد
بێ تووک و، رووت و قووت و، فەقیر و قەلەندەر

بێ تووکی جیفە خواریی و گورگین و بێ وجوود
لەم ئاو و خاکە زاهیر و باتین موکەددەرە

گەردەن کەچی قەلادەیی رستی وەفاتە، دێ
بۆ راوی بێنی ئەو دەر و دەشتە موعەتتەرە
دا کووچە کووچە خۆڵی بە سەردا بکا بە چنگ
لەو خاکە ئەفخەرە کە هەموو تاج و ئەفسەرە
(کهف الانام)ی هیجرەتی ئەسحابی بێ رو قوود!
بیکە بە خاکی خادیمی قیتمیری ئەو دەرە
بەڵکو لە فەڕڕی تەیبە، کە تیبی پەیەمبەرە
ساکن ببێ گەڕۆڵی ئەو کەلبە بێ فەڕە
پەیغامبەر و حەبیبی خودا، (خاتَم الرُّسل)
رەوزەی لە ئەرز و سایە لە سەر چەرخی ئەخزەرە
قەت سێبەری دەبێ لە سەر ئەم ئەرزە فانییە
ئەو تاقە نەخلی عەرشە کە تووبایی سێبەرە؟!
ئەو سێبەرە کە قوببەیی فیردەوسی باقییە
ئەو سێبەرە کە خێوەتی سەحرایی مەحشەرە
ئەو سێبەرە کە عالەمی عولوومی لە نوورییە
شەمس و نوجووم و هەرچی لە واندا موقەڕڕەڕە

ئەو سێبەرە کە مەزهەری حوببی خودایییە
کەنزی موتەلسەمی نەزەری حەیی ئەکبەرە
جێ بازی مەقدەمی شەوی قەدر و مەعاریجی
سەربانی عەرش و کورسیی و جوبریلی شەهپەڕە
دنیای چلۆن دەوێ کە بە قەد هیممەتی نەکرد
ئەم خەلعەتە کە ئەتڵەسی نۆ چەرخی ئەستەرە

تەشبیهی حوسنی فائیقی، ئاخر، بە چی بکەم!
نووری سونووحی تەلعەتی سەد لەوحی تەنوەرە
مەعلوومە چونکی جەمعی روسول موقتەبیس لەون
یووسف یەکێ لەوانە کە سەر لەوحی دەفتەرە
گوتفاری نۆشی شاهیدی سەد شەهدی فائیقە
روخساری خۆشی (اظهر مقن) شەمسی ئەنوەرە
ئەو شاهی ماهی میسرە، ئەهالی لە رێی سوجوود
قورئان دەڵێ کە بەندە ئەمە و بەندە پەروەرە
ئەو دێ دەبا بە کەشمەکەش، ئەم دێ دەبا بە لوتف
ئەو شاهی دڵبەرە، نە شەهەنشاهی دڵدەرە
ئەفرادی مورسەلین هەموو یەک رازە، ئام کەلام
لەم جێگەدا بزانە موقەددەم موئەخخەرە
شوبهەی نییە کە شەمس و قەمەر سێبەری ئەون
نیسبەت بە هەر دوو وەجهی وەکوو نوور و سێبەرە
بورهانە سوورەتی بەشەری چونکە نوورە، نوور
بێ زیللە، ماسیوای بە دوو نیسبەت موعەببەرە
واقیف بە هەرچی کەتمی خەیابایی مازییە
عالیم بە هەرچی دێت و دەبێت و موقەددەرە
ئەو رووی لە کەعبە، کەعبە بە رووی ئەو موشەڕڕەفە
یەعنی جەبینی قیبلە و میحراب و مینبەرە
***

با بێینە سەر وەجاهەتی قەدری لە کن خودا
بۆ عاسیان لە مەغفیرەت و سەرفی مەغفیرە

ڕەحمەت بە حوسنی سوورەتی ئینسان زوهووری کرد
(خیر البشر) لەقەب بە شەفاعەت موبەششەرە
موژدە لە عاسیان کە ئەو ئیقباڵی ڕەحمەتە
ئیسمی ڕەحیم و غەوس و شەفیع و موخەییەرە
***

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاک!
بنواڕە حاڵی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە
حیفزت شەبان و، ئێمە ڕەمە و، ئەو لەعینە گورگ
ئەم نەفسە گور گە مێشە لە گەڵ ئەو بەد ئەختەرە
دائیم لە جەنب و خوار و کەمیندا بە ڕۆژ و شەو
بۆ فرسەتە لە ڕێگەیی ئیمانی ئەم مەڕە
ئێمە بەقیعی غیرەتی تۆمان حەزیرەیە
ئەم نەفسە گور گە مێشە شەیاتینی عەسکەرە
خۆی کردووە بە گەورەوو قەڕڕاڵی موڵکی تەن
پشت و وەزیری ئەو سەگە، دەججالی ئەعوەرە
قوربان! دەخیلی حەلقەیی شوبباکی ڕەوزەتم
سێ ئلتیجام هەیە، کە لەگەڵ ئەو دووەم شەڕە
ئەووەڵ لە ئیلتیجام ئەوەتە ئەی غەیووری دین
حازر ببی لە کەشمەکەش و شۆری غەرغەرە
گۆچانی غیرەتت لە ملمدا موعەوزە بێ
تا موژدە دێ کە نووری یەقینم موزەففەرە
فائیز دەبێ بە نووری نەجاتی حەبیبی حەق
لەو جێگەدا بە کوێریی ئەو خەسمە ئەتبەرە

ڕوو زەرد و وشک و خائیب و خاسیر ببێ عەدوو
واسیل ببم بە ڕەحمەتی بارانی، مەقبەرە
دوومینە ئیلتجام ئەمەتە ئەو دەمەی دەبێ
ئەلواحی ئەڵحەدم بە زەنابیلی مەعتەرە
تەنگە ئەوا دەبێ کە لە ئەو جێگە تەنگەدا
سائیل نەکیر و عاریف و مەعرووف و مونکەرە
ئیمدادی فەتحی بابی زوبانم بە فەزڵی تۆ
زوو بێ، کە ئەووەلین گوزەری پرد و مەعبەرە
سێمینە ئیلتیجام دەڵێم ئەی غەوسی عاسییان
هاواری بگرە بەردەیی ئاشووبی مەحشەرە
ئەو ڕۆژی ئاخیرەی کە چ ڕۆژی لە دوو نییە
ڕوو ترش و قەمتەریر و عەبووس و غەزەنقەرە
ئەم فەرشە خاکییە دەتە کێنن لە تۆز و گەرد
ئەم عەرشە نۆ سەحیفەیە دەیکەن بە یەک پەڕە
دەنگی فوغان و جۆش و خورۆشی جەمیعی خەڵق
گوێ لێرە دەیبییێ، کە لەوێ گوێ هەموو کەڕە
ڕۆژی قیامەتی (فازا هم قیام) و، شەخس
قائیم چەقیوە، کێلە، لەسەر خاکی مەحفەرە
ئایا قەد و قیافەیی خۆی بوو بە کێلی خۆی
یا ساقی عەبهەرە کە دو چاوی لەسەر سەرە!
دنیا بووە بە تاوەوو، سەحرا بە ژیلەمۆ
دنیا دەڵێن کە ئاگرە، ناری سەمەندەرە
دیوانی گەرمی باری خودایە، بە پایە عام

ئیسغایی خەڵقە، ساعەتێکی عەرزی مەحزەرە
لایەک (زەبانییە) لە سەرو کاری نارە، نار
(هَلْ مِنْ مَزِیدْ) زوبانیە وەک ماری ئەژدەرە
لاییکی کەش لە جەننەت و رێزوان تەدارەکە
حۆریی ئەوا بە مونتەزیریی دێنە مەنزەرە
ئەشخاسی خاسە (تَشْخَلُ اَبْلَارُهُمْ) هەموو
(وا نَفسْیِق) یانە هەریەکە بۆ خۆی موحەییەرە
زێر و زەبەر دەبن بە دو فیرقە، لە فیرقەتەین
واوەیل و ئیمتیازە کە کێ بێنە کێ بەرە
ئەکسەر کەسینە، تابیعی بەرد و حەرارەتە
یەعنی وەقوودی نارە، بوخاری موسەییەرە
باقی کە رووی لە کەففەیی میزانە، یەکسەرە
هەرچەند سەرە موتابیعی میعیاری دوو سەرە
لەو کێشە کێشەدایە کەوا رەش سپی دەبێ
لەو کێشە کێشەدایە کەوا ئەحمەر ئەسفەرە
ئەعمالمان لەگەڵ هەموو ئەوزاعی حاڵمان
مەغشووش و جەمعی، حازرە، گەر خەیر، ئەگەر شەڕە
مەخزوونی روقعە، حەببە بە حەببە، لە کەففەدا
خالیس دیارە، مس کە مسە، عەینی زەڕ زەڕە
زەڕڕێک لە چاوی بۆتەیی سەڕڕافی کەففەدا
مەخفی نییە، دیارە، وەکو رۆژی نیمەڕە
گریان هەموو رەشاوە لەبەر ئاهی دوود رەنگ
موژگان بووە بە خامەوو، دیدە بە مەحبەرە

میزماری شەهسەواریی تۆیە کە سەف سەفە
کۆگایی حاسیلاتتە بەیدایی بەیدەرە
رۆژی جەزا رجا بکە بۆ «نالی»ی دەربەدەر
چون لەم جیهان گوناهی گەلێ زۆر و ئەکسەرە

((

سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە
دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە!
سوروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دیی:
بە گەرمی داوەرێ بەم تەرزە تەرزە!
ئەلائەی ئاسکی ناسک، بە باسک
شکاندت گەردنی سەد شێری شەرزە
ئەلا ئەی نازەنین ئاهوو، بە باهوو
دڵی سەییادی خۆت هێنایە لەرزە!
دەفەرمووی: چاوەکەت زەنجیر کە «نالی»!
کە موتڵەق چا نییە ئینسانی هەرزە

((
(حلقه در گوش)ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە
با نەناڵێ، لێی مەدە (عَنْ لَطْمقەق كُفّق الْكَفَه)!
نەی، کە ساحیب سیڕڕە، سەر تا پا بە ئەمری (کن) کونە
باتینی (قق‌فْ قق‌فْ عَلیق سرّی)،بە زاهیر قەف قەفە
خۆشترە عوزری گونەهکاران لە سەد زیکری ریيا
ئەم بە نەرمی عەفوە عەفوە، ئەو بە توندیی عەف عەفوە
شێخیی و سەر لنگە دەستاڕی بە دەستاری بوزورگ
ڕەندم و، دەستاری کەللەی من دەفە، نەک میندەفە
خادیمی مەخدوومییە، ماقووڵی ناماقووڵییە
لەم دەرە ئاسەف سولەیمانە، سولەیمان ئاسەفە
ساحێبی (علم الكتاب)ە موتریبی هودهود نەفەس
یا سولەیمانە لە (اخوان اللّفا)، ئاسەف سەفە
جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی قیندیلی دڵە
شیشە پڕ قەر قەف لە ڕەفڕەف شاهی عالی ڕەفڕەفە
تەبعی «نالی» توندە ئەمڕۆ، یا بە نەشئەی نیم نیگاە
مەستی ڕەحڕاح و مەی و ڕاح و قەراح و قەرقەفە؟!!

((

کەوا زەڕتایی یەکتابی دەڵێی خورشیدی ئافاقە
مەڵێ خورشیدی ئافاقە، بڵێ میهرێ کەوا تاقە
رەیاحین پەرچەم و، لالە کولاە و، یاسەمەن تورڕە
بەنەفشە خاڵ و، نەرگس چاو و، گوڵ زار و سەمەن ساقە
بنازم دلبەری خۆم چەندە پڕ وەسف و چ بێ عەیبە:
بە چاو مەست و، بە دڵ هوشیار، بە ئەبرۆ جووت و هەم تاقە!
نەوای ئاهەنگی (قَدْ قامَتْ) تەریقی جەمعی زوهادە
قەد و قامەت بە لەهجەی راستی تووبایی عوششاقە
بە زوڵفی تۆیە وابەستە، لە من دڵ گەر پەرێشانە
بە ئەبرۆی تۆیە پەیوەستە، ئەگەر تاقەت لە من تاقە
بە نەهری کەوسەر و شیر و عەسەل چەند تینووە سۆفی
لەبی «نالی» دوچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە

((
به مەرگی خۆت قەسەم، زاهید، هەموو عومرت عوبوورێکە
مەقام و مەنزڵت، ئاخر، لەکن جەمعی قوبوورێکە
دڵم بەردە ئەگەر شاخە، بە چاوی سووکی مەنوارێ
بەخۆڕایی نەسووتاوە، ئەمیشەش کێوی توورێکە
شوعاعی رووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ
بنازم بەم تەجەللایە، چ خورشید و بلوورێکە!
لە خەڵوەت هاتەدەر سۆفی، گڵ و بەردی بەسەرما دا
مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە، ئەویش تازە غوروورێکە
غەمی چاوت لە چاومدا، هەمی قەددت لە سنیەمدا
لەبەر سستین و زەعیفیی ئەو خەوێکە، ئەم خوتوورێکە!
بە زاهیر شادمانیمە لەبەر کەتمی هەموو دەردان
کە «نالی» گەر بنالێنێ  ئەمیش نەشئە و سورووێکە

((

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەنناێیکە
گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەوداێیکە
وەرە سەر سەیری سەفاگاهی نەزەر گەی چاوم
کە عەجەب مەنزەرەیی سەیر و تەماشایێکە
سۆزشێکی نەفەس و شۆڕشی نائی نایێ
هەریەکە نەوعە غینایێکە، بە مەعنایێکە
حەڵقە حەڵقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زوڵفت
بۆ دڵی خەستە کەوا بەستەیی هەوداێیکە؟!
هەردەمە فەرشی کەسێکی کەیە بێ مەهر و نیکاح
دوور لە چاکانی، عەجەب فاحیشە دنیاێیکە!
«نالی» ئاسوودە نییە تووڵی نەمامی عومرت
بە نەفەس دێت و دەچێت، ئەسڵی لەسەر باێیکە

((

شاهێنی دو چاوت کە نیگا و مەیلی بە دانگە
کێشانی بە قوللابی دلاوێزی بژانگە
سۆفی و سەر و مێزەر، من و زوڵف و سەر و دەسماڵ
من کوشتەیی لاجانگم و، ئەو کوشتەیی جانگە
فەرمووتە کە بانگم کە، شەوێ، دێمە کەنارت
قوربان! وەرە شەو رۆیی، ئەوا وەعدەیی بانگە
بنوێنە برۆ، یەعنی هیلالی سەری ماهت
چون وەعدەیی ماچی سەری کوڵمت سەری مانگە
«نالی» مەکە، تووڕا بو، لەبەر جەبهەیی گرژت
نایێتە ئەلاب، عیجزی لەبەر دووکەڵی قانگە

((
بنواڕە وشکە سۆفیی و ڕەقسی بە هەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە
ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و کوڵخەنی ئەمەل
هەندی بووە بە مەسجید و، هەندی بە مەزبەلە
شێخم، چ گەرمە حەڵقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەک!
حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنانت موحەووەلە!
دائیم لەدووتە مێگەلی ژن، نێر گەلی پیاو
بەم ریشەوە لەپێشەوە بووگی بە سەر گەلە!
دنیا مەحەللی کەون و فەسادێکە، حیز و دوون
مەعلوومە چەن بەحیلەیە، عەییارە، چەند دەلە!
تۆ شێخ و ئەو عەجووزە، عەجەب دۆستی یەکترن!
بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە...
«نالی»! سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا
لایێ پڕە لە مەشعەلە، لایێ لە مەشغەلە...

((
شکەنجی عەرز و توولی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامە
مەسەل توولی ئەمەل، عومری خزر، زنجیری سەودامە
بە شەڕ هاتن رەقیب و موددەعی، من خۆشی خۆشیمە
کە دەعوایە، لە هەر لایە بکوژرێ سوودی ئیسلامە
ئیشارەم کردە ئەبرۆی، یەعنی: میحرابت کەچە، فەرمووی:
ئەمە قیبلەی تەمامی عالەمە، جێی جیلوە ئیمامە
لە سایەی روویی تۆوە شامی خەڵقی تەڵعەتی سوبحە
لە شامی زوڵفی تۆوە سوبحی ئێمە زوڵمەتی شامە
لە ئاب و تاب و ئەشک و ئاهی خۆمدا بووم بە بوریانی
لەباتی پوختەگی سووتام و ئیستەش پێم دەڵێ: خامە
نیشانەی پوختەگی بێ دەنگییە «نالی»! ئەگەر پوختەی ـ
بە حوججەت تەی بکە نامە، بە حیددەت پەی بکە خامە

((

سەودازەدەکەی زوڵفت، ئەزهاری لەکن پەشمە
دوور لەو گوڵە بێ خارە، گوڵزاری لەکن پەشمە
سۆفی کە گران بارە، بێمەغز و سەبوک بارە
سووف پۆشێ غەمی بارە، ئەو باری لەکن پەشمە
دێوانە کە شەیدا بێ، تووکی سەری سەودا بێ
قەت هیچی لەسەر نابێ، دەستاری لەکن پەشمە
سینەی دڵی بێ کینە، سافە وەکو ئایینە
مەستوورە بە پەشمینە، ئەسراری لەکن پەشمە
عاشق کە دەکا راوی، زوڵماتی شەوە داوی
موژگانی تەڕە چاوی، بێداریی لەکن پەشمە
سووفی! چییە ئیشی تۆ؟ هەر کایە حەشیشی تۆ!
عاشق وەکو ریشی تۆ، هەوساری لە کن پەشمە
چەن واسیعە ئەم زیهنە، ئەفلاکی تیا رەهنە
ئەجبالی لە لا عیهنە، ئەدواری لەکن پەشمە
«نالی» کە قەدەح نۆشە، مەستانەوو سەرخۆشە
خامۆش و نمەدپۆشە، ئەشعاری لەکن پەشمە

((

بایێ لە تەرەف قیبلەمەوە دێت و وەزانە
یا بۆیی هەناسەی دەمی غونچەی لەرەزانە؟!
ئەشکم، کە لە گەڵ عەشقمە، تیفلێکی فەهیمە
هۆشم، کە لەگەڵ خۆشمە، پیرێکی نەزانە
تیژاوی سوروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
روخسارەیی زەردم وەکوو ئەوراقی خەزانە
شێخم! وەرە دەر، فەسڵی بەهار و گوڵ و گەشتە
ئەییامی لە گەرمابە خزان وەقتی خەزانە!
ئەو شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە
ئەو ریشە بەسەر دارەوە ریسێکی بوزانە
بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما
غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
پڕ دانەیە، ئەمما نەوەکوو دانەیی چەڵتووک
بەحرم وتووە، نەک وەکو گۆلی مەرەزانە
حوسنی نەزەرە، ئەسڵی نەزەر، حوسنی بە عیسمەت
سۆفی کە دەکا تەرکی، بە ئینسانی مەزانە
ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە «نالی»ی دەدزن خەڵق
ئاویی نییە، وەک ئاگری بێ شەوقی دزانە

((
ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتا کەی حیرسی وێرانە!
لە گەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە، ئازانە!
موسوڵمان! لێرە مانی خان و مانت هەر نەمان دێنێ
پەشیمان بە، کە دەرمانی نەمانت مایەی ئیمانە
بڵا بۆ کوندەبوو بێ، مفتی مشک و ماری کەندوو بێ
خەتیرەی گەنجی وێرانە، زەخیرەی کونجی کاشانە
بەقییەی عومری زایع گەر مورادت پێ تەدارەک بێ
حەیاتی مەککەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقسانە
چ مەککە؟ دار و بەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە
چ تەیبە؟ ماء و خاکی مائیدەی ئەنواری ئیمانە
فیداکاری تەن و جان بە، لە ئاسانی هەراسان بە
کە داغ و دەردی ڕێگەی مەککە باغ و وەردی مەردانە
ئەگەرچی ڕێگە: خاکی خوێنە، دار و بەردی ئێسقانە
نیشانەی تیری ڕێگەی عەشقە ئەم ئێسقانە سپیانە
وتم: داخۆ چییە سوور و سپی تێکەڵ؟! کە تێفکریم
سەراسەر کەللەیی ئوشتر، لەبالەب خوێنی ئینسانە
بەڵێ بەم ڕێگەدا جەممازە جانبازە کە ڕۆژ و شەو
دەکا سەیر و سولووکی دائیمەن سەر خۆش و مەستانە

قەتاری زەنگ و قۆڕی ئوشتر و ئێستر لەسەر کێوان
دەڵێی زیرەی قاز و قوڵنگی ئەوجی کەیوانە
چ ڕێگێکی سپی واشە، ئەوەندەی کەهکەشان دوورە

چ سەحرایێکی شین ڕەنگە، بە قەد نۆ ئاسمان پانە
مەگەر ڕێی حاجیانە وا تیا سەییارە سەییارە!
مەجەڕڕە ئالەتی  جەڕڕی جەریری سارەبانانە!
فەزا بەحری موحیت و وشتری تێدا سەفینەی بەڕ
سەرابی میسلی نیل و دیجلەوو جەیحوون و عوممانە
لە سەد جێ کلکی ئوشتر گەییە ئەرزی مەهلەکە، هێشتا
یەمی فەججی عەمیقی ئاڵی هەر بێ قەعر و پایانە
لەنێو ریگی ڕەوانی قوم نوقوم بوو وشتر و بوو گوم
نەما گوێی بیستنی (قُمْ قُمْ)، چ جای ئیمکانی هەستانە
تەنی حاجی لەسەر چوار چێوەیی ناجی دەڵێی نەعشە
لوعابی خۆر لەسەر ئیحرامی وەک کافووری ئەکفانە
مەڵێ: دەشتە، بڵێ: دنیا هەموو خانێکە ئەم حەوشە
چ حەوشێکە؟ کە ئافاقی حەسار، ئەفلاکی سەربانە
مەڵێ ڕێگەی کەشندە، یا کوشندە ئەژدەرە، یا خۆ
کەمەندە، یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە

عویوونی گەرم و سوێراوی میسالی چاوی گریانە
روعوونی شاخی سووتاوی شەبیهی جەرگی بوریانە
لەبن خاکی مەغاکی ئاتەشینی، لەعلی لەب توشنە
لە سەر ئابی سەرابێ، سەروی سێرابی موغەیلانە
سماقی ئەحمەرە، یا قووتی رۆح و ئاگری نەفسە؟!
حەساتی ئەبیەزە، یا شوهب و نەجمی ڕەجمی شەیتانە؟!

به زاهیر گەر مەگەس دارە، بە باتین سەد چەمەن زارە
بە سوورەت یەک بە یەک خارە، بە مەعنا سەد گولوستانە
نەیستان و خەسەک زاری سونووفی شەوکەیی خاری
گەلێ خۆشتر لە سەروستان و، دلکەش‌تر لە بوستانە
قەتاد و غەرفەج و خیتمی و عەزات و عەوسەج و ئەسلی
چ دامەن گیر و شین و دڵنشینی رێی غەریبانە!
شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەک پاشە
حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە
لەباتی لالەیی حەمرا جگەر پورٍ داغی خورشیدە
لەباتی سونبولی تاتا سەر و سەودا پەرێشانە
موغەیلانی جل و مێزەر درٍێنی سۆفییە،یەعنی
ئەمە رێی موحریمانی مەحرەمی سەر رووت و عوریانە
شوتوربانا! ئەمە پەرژینی باغی رەوزەیە، یا خۆ
عەرار و عەرعەر و بانی خیابانی بیابانە؟!
ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەرقەتارت بم
کە دەمکێشێتە رەوزەی حەی وەکو مەجنوونی دێوانە
چ رەوزە؟ رەوزەیی جەننەت! چ جەننەت؟ جەننەتی قوربەت!
چ قوربەت؟ قوربەتی راحەت! چ راحەت؟ راحەتی جانە!
مەقام و زەمزەمەی حادیی، لە شەوقی کەعبەوو حوجرەی
مەقام و زەمزەمە، وا ئوشتری هێنایە جۆلانە
سەریری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەڵی سەوزی
دەڵێی تەسبیحی مورغانە، لەسەر تەختی سولەیمانە
کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لەسەر بوختی

دەناڵێنن لە شەوقی تەیبە وەک ئەستوونی حەننانە
چ نوورێکە لەنێو فانۆسی بەرگی کەعبەدا، زاهیر
دەکێشێ خەڵق و، باتین ئیمتیسالی ئەمری یەزدانە؟!
چ جەزبە؟ جەزبەیی زەوئە لە قیندیلی حەرەمدا، وا
دەبێ ئینسان لە تەوفیدا بسووتێ میسلی پەروانە
چ نوورێکە لە حوجرەی رەوزەدا وا قائیمە قوببەی
قەوامی عەرش و فەرش و قەلبی ئینس و قالەبی جانە!
چ حوجرە؟ حوجرەیی عولیا، کەوا نەعلەینی خوددامی
دوڕی تاجی سەری قوتب و وەلیی و شاە و سوڵتانە!
چ حوجرە؟ وا لە خاکی میللەتی دەوڵەت پەناهیدا
کەمینە خادیمی سوڵتان و، شاهەنشاهی دەربانە!
چ قوببە؟ سیلسیلەی قیندیل و شەمعی باب و میحرابی
شوعاعی نووری دیدەی کەوکەبی ئەیوانی کەیوانە
مەکانی واسیتەی ئیمکان، مەکانەت بەخشی ئینس و جان
مەکینی لامەکان سەیران تێیدا تەشریفی میوانە!
چ میوانێکە؟ ساحێب جێ و جاە و عیززەت و عەزمە
کە دوو عالەم توفەیلی دەعوەتی و، ئەو ساحیبی خوانە!
موحەممەد، ئەحمەدی مورسەل، مونیری مینبەر و مەحفەل
بەشیری ئاخیر و ئەووەل، نەزیری خوێش و بێگانە
سیراجی ئەنبییا، خەتمی روسول، نووری موبینی حەق
کە عالی کەعب و قەدر و دەست و سەدر و خاتەمی شانە
لەسەر ئەو زوڵمەت ئابادی شەوی کوفرە کە تالیع بوو
سەڵا هەستا لە ئینس و جان کە رۆژی نووری ئیمانە

له نەفخی سوور و نەشری بەعسەتی دینی حەق ئیحیا بوو
له قەبری جاهیلییەت هاتەدەر هەرچی موسوڵمانە
له سایەی ئەمر و نەهی، حەقق و باتیل بوو بە دوو فیرقە
بە میسلی فەرقی رۆژ و شەو کە فاریق نووری ئیمانە
سەعادەت بوو بە نوور و ساعیدی زەروەی هیدایەت بوو
عەلامەت نووری ئیمانی (بیلال) و (وەیس) و (سەلمان)ـە
شەقاوەت بوو بە دوود و داخیلی کوورەی زەلالەت بوو
ئەمارەت خوسری خوسرەو، کەسری کیسرا، شەققی ئەیوانە
له جوملەی موعجیز ئەندەر موعجیزی: ئەحکامی قورئانە
کە میعرابی بوڵەندی ئەووەلی ئایاتی «سوبحان»ە
له نووری موعجیزەی تیغی نەما قەت زوڵمەتی شوبهەت
کە ڕووناکی شەوی میعراجی، ڕۆژی بەدری بورهانە
شەوەمما، شەوچراغی جەدی و سەور و مەرتەعی شامی
دوسەد قەرنی غەزالە و قۆچی سوبحی عیدی، قوربانە
له خەوف و خەجڵەتی، بەردی شەهی ئەنجوم سوپەە ئیستەیش
کە هەڵدێ، زەردی‌یو سووریی لە تەلعەتیا نومایانە
شەوە ئەمما، کەوکەبەی هەر کەوکەبی نیلی فەلەک دەتگوت
له میسری ڕۆژی زینەت دەستی مووسای ئیبنی عیمرانە
شەوە ئەمما، غیبتەیی نووری سووەیدایی دڵ و دیدە
شەوە ئەمما، خۆر تیا گۆیا له شەرمی نووری پەنهانە
شەوە ئەمما، ڕۆژی ڕۆشن نەیگەیشتێ گەرچی ئیستاکەش
لەدووی شەو کەوتووە، دەڕوا بەسەر سەر، گەرمی سەیرانە
له هیجری یووسفی میعراجی، یەعقووبی فەلەک، چاوی ـ

نوجوومی بوو سپی، هێشتاکو هەر حەیران و سەهرانە
فەلەک پەردەی شەب ئەندەر رۆژی سەر فانۆسی ئافاقی
زەمین و ئاسمان، لەم بانە تا ئەو بانە تابانە
شەوە ئەمما سوبحی بیداریی تالیع بوو کە جوبریلی ـ
ئەمین بۆ خزمەتی تاها تیا مەئمووری فەرمانە
بە فەرموودەی خودا فەرمووی: بفەرموو! هەستە هەر ئیستە
لەجێی بەدری دوجاوو دوڕڕی یەکتا، دوڕڕی یەکدانە
ئەمن مەهدی ئەتۆ هادی، شەوی تەجرید و تەقریبە
لەبەرکە خەلعەتی قورئان و ئەم تەشریفی ریزوانە
کە مەدعووی لازەمان و لامەکان و قوربی بێچوونی
سوار بە لەم بوراقە باریقە، لەم رەخشە رەخشانە
وەها هەستا بە باڵی جازبیەی قودرەت، لە نیوەی رێ
بەجێما ئەسپ و پەیک و رەفرەف و ئەم چەرخی دەورانە
موشەڕڕەف بوو بە تەختی عەرش و تاجی قوربی (عندالله)
بە هەرچی دەرجی (او ادنی) و (ما اوحی)ی قورئانە
بە هەرچی چاوی دینی عیشقی تێدا شاهیدی سیدقە
بە هەرچی دیدەیی عەقڵی تیا شەوکوێر و حەیرانە
موخەسسەس بوو، مورەخخەس بوو بە ئەسرارێ کە تەقریری ـ
ئەجەلل و ئەعزەم و ئەعلا لە تەعبیری سوخەندانە
پەیاپەی هاتەوە سەر جێگەیی گەرمی لەگەڵ توحفەی
سەلات و هەم سەلام بێ لەو حەبیبی پاکی سوبحانە
لە گەڵ ئال و لە گەڵ سەحبی، خوسووسەن چار یاری دین
ئەبووبەکر و عومەر، عوسمان و حەیدەرە شێری یەزدانە

به قوربانی عولوومی ئەووەلین و ئاخیرینت بم
لە گەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلتافی رەحمانە
مورادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە، نەوەک نەعتە
بە چەن بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت سەنا خوانە
ئەگەر چی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم، ئەمما
وەسیلەم تەیبەوو حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە
بە سەر هاتوومە ئەو خاکەی کە هەر مسقاڵە زەڕڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە
نەبوو رووم بێمە خاکی چاکی پاکی تەیبە، تا بیستم:
بە سەگ نابێ مولەووەس ئاوی زەرقا، بەحری ئیحسانە
چ زەرقا؟ بۆ سیاهی دەفتەری هەر ناسییە ماحی
چ تەیبە؟ بۆ تەبایی دەردی هەر دەرماندە دەرمانە
دەری رەحمەت کەوا بەحری موحیتی عاسییە «نالی» ـ
تیا جان و تەن ئوفتادەی شەپۆلی سەیلی عیسیانە

((
سوروشکی من که لێڵاوە، غوباری کۆە و هاموونە
وەرە سەرچاوە کەم بنوارە، وەک ئاوێنە، چەند روونە!
مونەججیم کەرگەس و لاشەی لە لا شەیئێکە، نەیزانی
کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە، کە ئەم گەردوونە چەند دوونە
لە دەورانی تەبیعەتدا لە گەڵ سەوری فەلەک جووتە
لە ملیا چەمبەری دەوران و تەوقی چەرخی گەردوونە
لە سایەی شەخسێکی هیممەت بڵند، ئاسوودەیە شارێ
بەڵێ خیتتەی (سولەیمانی) سەوادی زیللی (کودروون)ە
وەرە سەیری خیابان و بەیازی دەفتەری نالی
کە سەفسەف، مەسرەعی بەرجەستە، رێزی سەروی مەوزوونە

((

دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خاکی وەتەنە
خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە
پەرچەمی سونبولیی و، قەددی (قثیب البان)ی
زوڵف بەهلوولیی و، خەت زەنگیی و، وەجهی حەسەنە
تەڵعەتی ئایەتی جان. مەزهەری ئیعجازی بەیان:
لەبی دورج و، دەهەنی سیڕ و، کەلامی عەلەنە
دەست لە خوێنم مەدە، ئالوودە مەکە دامەنی پاک
خوێنی من سابیتە، باتیل نیە وەک رەنگی خەنە
وەک گوڵی ئاتەشی، خەمڵیوە بە بەرگی چەمەنی
قامەتی نارەبەرە، نارەوەرە، نارەوەنە
رۆشنی دیدە بە ئینسانە، کە موژدەی قەدەمت
رۆشنی دیدەیی غەمدیدەیی (بیت الحَزَن)ە
دڵی «نالی» کە ئەنیسی (قەرەداغ)ە، ئیستەیش
داغی (سەرچاوە)وو (دێوانە)یی دار و دەوەنە

((

لەو وەختەوە بیستوومە دیتن بەقەدەر چاوە
هەر مووم لە بەدەن یەکسەر، وەک عەینی فەنەر، چاوە
فەرمووی کە هەموو دەم بێ گریان و، شەویش نەنوێ
ئەم بەندەیە مەئموورە، ئەم ئەمرە لەسەر چاوە
جێگایێ نەزەرگا بێ، شەش جانیبی دەریا بێ
ئەی مەردومی سەیرانی، لەم خیتتەیە هەر چاوە
چاویشی لە «نالی» کرد، دین و دڵ و جانی برد
گەر زوڵفە ئەگەر نازە، گەر خەندەیە، گەر چاوە

((
ئەو سیلسیلە وا میشگی خەتا نێوی براوە
پڕ پێچ و شکەن، خەم بە خەم و، حەڵقە کراوە
لەو لاوێکە لەولاوە بە ئەم لاوە کشاوە
یا یاسەمەنی خاوە بە رووی رۆژدا رژاوە؟!
یا دووکەڵی جەستەی منە بەو شەمعە سوتاوە
یا هەوری سیاتاوە کە مانیع لە هەتاوە؟!
داوێکە لە رووی دانەیی خاڵت تەنراوە
زنجیرە لە پێی مائیلی ئەو رووتە نراوە
هەی هەی! غەڵەتم گوت. ئەمە زوڵمەت، ئەوە ئاوە
بەو زوڵمەتە، بەو ئاوە، حەیاتم غەڵەتاوە
دڵ تینووە، سووتاوە، بە بێ تاقەت و تاوە
رێگەم بە سەراوە، کە دەچم رێم بەسراوە
ئەو شەربەتە، ئەو جامە شەراوە، لەبی ناوە
بۆ «نالی»یە ئاخر کە خودا بۆ ئەوی داوە

((
زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە
ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بە داوە
ئەم عومرە عەزیزە کە لە بۆت نەقد و دراوە
سەد حەیف و درێغا کە موسوڵمانی نەماوە!
عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت
سەوداوو پەرێشانم و سەودایەکی خاوە
هەر چەندە کە رووتم، بە خودا مائیلی رووتم
بێ بەر گییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە
(مانی) نییەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە
بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی!
بۆ مەی نەڕوژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە!
بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لە گریان
بۆ عاشقی بێچارە زووەم ئاوە رژاوە!
هەر جۆ گەوو جێگێکی کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە رژاوە
سۆزی دڵمە باعیسی تاو و کوڵی گریان
مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە
«نالی» وەکو زوڵفت کە موتیعی بەری پێتە
تێکی مەشکێنە، بە جەفا مەیخەرە لاوە

((

تا لە من ئەو زوڵفە ڕێی بۆسە و کەناری گرتووە
ناودەمم بێ شوبهە تامی زەهری ماری گرتووە
خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە مۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە!
ئەژدەهای زوڵفی لە دەوری گەنجی حوسنی حاریسە
حەڵقە حەڵقە، چین بە چین، سەرتا بە خواری گرتووە
ماهی من تەنها مەهێکە سەد نوجوومی مەحو کرد
یاری من تەنها گوڵێکە سەد هەزاری گرتووە
دامەنی پاکی مەداری دائیرەی خامەک نییە
خوێنی مەقتوولانە وا دامێنی یاری گرتووە
گەرد و بادی هیجری تۆ وا عالەمی لێ کردمە تۆز
نەک دو چاوم، بەڵکە حەتتا دڵ غوباری گرتووە
شەربەتی عوننابی لێوی شەککەر و بادامی چاو
سەروی قەددت راستە ئەنواعی سیماری گرتووە
لەعلی شەککەرباری تۆ تێراوە، شەککەر باریە
لێوی میحنەت باری من بێ ئاوە، باری گرتووە

پڕ جەفایە، بێ وەفایە، زوود جەنگە، دێر سوڵح
سەد درێغ و حەیفە تەبعی رۆزگاری گرتووە
یادی (کانی دمدم) و سەر چاوەکەی (مێگوڕ) دەکا
(بەکرەجۆ)ی چاوم کە شێوەی (سەرچنار)ی گرتووە
بێ مەحابا ئاو دەڕێژێ گەە بە فەور و گەە بە دەور
چاوی من موددێکە شێوەی ئابشاری گرتووە
شەمعی بەزمی من کەوا سووتاوە، زەرد و ئەشک رێژ
قەت نییە فەردێک نەڵێ رەنگی مەزاری گرتووە
موددەعی زەجرم دەکات و، پێم دەڵێ: سەبرت ببێ
کەر بە لەعنەت بێ کە کەی عاشق قەراری گرتووە!
«نالی» وا دائیم کە مەشغووڵی فوغان و ناڵەیە
باعیسی هیجرانی یارە دڵ شەراری گرتووە

((
گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەت نەیشەکەر نەیکردووە
نەخلی باڵات نەوبەرە، تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ، ئەم مەمەت کەی کردووە!
قامەتت نەخلە، بە شیری، فائیقەی پەی کردووە
نەحلی بێ نێشی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە
نەخل و روممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە
سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتور بەی کردووە!
بۆ مەمک «نالی» چ منداڵە وەی وەی کردووە
گەرچی مووی وەک شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە
خۆش بە هەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخەی کردووە
کیزب و توهمەت، ئیفتیرا و بوهتان کە تۆبەی کردووە

((

گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵاڵەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە
لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ
ناوی کە پڕ خەڵووزە، بە شەبنم گەشایەوە
گوڵ زاری وا، کە هەرچی دەمێکی بو پێکەنی
غونچەی گەشا، کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە
فەسڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا رەگی شەجەر
وشکی بە غەیری سۆفیی و عاسای نەمایەوە
لەم فەیزی نوورە هەرچی کەوا نارە مردووە
بەم نەفخی سوورە هەرچی کە خاکە ژیایەوە
هەنجیری نەو شکۆفە کە پڕ بوو لە شیری ساف
تیفلی عینەب شکۆفەیی کرد و رشایەوە
دایەی زەمین کە حامیلی ئەبنایی مەحشەرە
هەر تۆوێکی تیا کە ئەمانەت بو، دایەوە
سونبول لەبەر روعوونەتی شمشادی تازەدا
هات و بە تەعن و دەورە بەسەریا شکایەوە

خەزرا، دەڵێی زەمینە بە (چین) و (خەتا) یەوە
غەبرا، دەڵێی سەمایە، بە شەمس و سوهایەوە
(بَرْدُ العَجوز)ەێیکی کە نەیبوو بە غەیری بەرد
دنیا ئەمە چ رەنگە، چ بێنێکە دایەوە
غەیری تەڕیی عیشقی حەرارەت نوما، نەما
بەفریش لە سەرد و  گەرمی خەجاڵەت توایەوە
هەر چاوەێی کە وشک و عەقیمی بوڵەندییە
وەک تەبعی من بە نەزمی  خوشی نەغمە زایەوە
ساف و رەوان و نەرمە وەکو زەمزەم و فورات
نەک رەنگی نیلە یەعنی کە هات و گەڕایەوە
سۆفی رایە خەڵوەتی، بێنی بەهاری کرد
هاتەدەرێ لە سایەیی چایەر، حەسایەوە
«نالی» بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەوکەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

((

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزرە، نیوە هەودایە
چ هەودایە؟ کە هەر حەڵقەی دوسەد زەنجیری سەودایە!
برۆت تیغێکە وسمەی سەیقەل و مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە
بە نەشئەی سستیی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە
نزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە!
لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ (فنا فی النور)ی ئیمانە
مەڵێن زوڵمەت خراپە، وەسڵی پەروانە لە شەودایە
هەناسەم زوڵفەکەی لاداوو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە
لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پڕتەو بەخشی شەو گەردان
کە «نالی» وا لە حاڵاتی میحاقی ماهی نەودایە...

((

بیستم لە هەموو لایە، مەیلی شەڕ و دەعوایە

سەودا لە سەرمدایە، باکم چ لە غەوغایە

فەرمووی بە مژەی مەستی، ئازانەوو تەڕدەستی

سادەی لە دڵی سستی، تیرێ، بە تەمەننایە

چەرخی چەپی گەردوونە، ڕاست و چەپی چەند دوونە

بێ چاکە چ بێچوونە، ڕاستی لە چەپی نایە

پێم گوت: مەکە چاک چاکم، پێش خزمەتی زۆر چاکم..

فەرمووی: بە سەری کاکم، داغت لە دڵمدایە!..

زاهید! مەکە مەنعی دڵ، بۆ تۆ نییە سوودی گوڵ

خاکت بە سەر ئەی غافڵ! کەو توویە چ سەودایە؟!

«نالی» مەکە وەسفی تۆ..باریکە نەمامی تۆ..

مەعلوومە کە سەروی تۆ بێ میسلە لە دونیایە..

((

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دو تایە
هەر پێچشی تاێیکی سەد ئاشووبی تیایە
بیدە بە دڵم، شیفتە بۆ شیفتە چاکە...
بیخە ملم، ئەو قەیدە بە دێوانە ڕەوایە...
ئەو خاکی دەرە مەسکەنی سەدساڵەمە، شایەد
جارێ لە دەمی تۆ ببیەم: «سەگ بەوەفایە»
زوڵفت سەبەبە، دڵ بە عوزارت کە دەسووتێ
سووچی شەوە وا قاتیلی پەروانە چرایە
«نالی» کە ویقاری نییە، بێباکە لە خەڵقی
سۆفی کە سلووکێکی هەیە، عوجب و ڕیایە

((

موشەخخەس لەشکری خەتتت لەسەر تەسخیری باڵایە
کە توڕڕەی (میری میران)ت نیشانەی سەبتی توغرایە
خوسووسەن هیندووی خەتتی بەیازی روویی (مەحموود)م
لە موڵکی (رۆم)ەدا ئیستەش (خەلیفە)ی شاری (بەغدا)یە
لە بازاڕی مەحەببەتدا هەدییەی توحفەیی میران
لە بۆ خورشیدی تابانم پیاڵەی شۆخی مینایە
لە کۆهی (نەجد)ە ئێستاکە وەکیلی (قەیس)ی ماڵ وێران
منم (مەجنوون) و زنجیرم گرێی گێسوویی (لەیلا)یە
کولاهی فەخر و تەعزیمم گەیشتە چەرخی ئەتتڵەس ڕەنگ
کە بیستم قەلبی میرانم لەسەر مەملووکی ئاغایە
لە دنیا جەننەتی باقی تەلاری شاهییە، ساقی!
(حەبیبە) توڕڕەیی تەوقی ملی (شیرین) و (عەزرا)یە
نیشانەی فەخرە بۆ من گەر بە سەر بێم نەک بە پێ، ئەمما ـ
بە مەرگی تۆ قەسەم، شاهم! غوزر مەسمووعە، سەرمایە
بە حەققی تاری کاکۆڵی سەراپا لوولی ئەو شۆخە
ئەگەرچی پەشمە، ئەمما دڵ لە توڕڕەی زوڵفی سەودایە
موحەققەق مەشرەبی «نالی» لە شیعرا هەروەکوو «خاکی»
خەیاڵی «کوردی»یە، بەیتی سەراپا زوڵفی دوو تایە

((

ئەلڵڵا...ئەلڵڵا.. کەچ عەقڵ و چ کەماڵێکی هەیە!
لە گەڵ ئەو عەقڵ و کەماڵە، چ جەماڵێکی هەیە!
دڵڕفێنێکە لە بۆ مەدحی، سەراپایی ئەوێ
واجبە مەدحی بکا هەرچی کە ماڵێکی هەیە
ئەهلی ئەم شارە هەموو نۆکەر و ئەتباعی ئەون
یووسفی میسرە، عەجەب جاە و جەلالێکی هەیە !
گەر خەیاڵی دەهەنی بێنمە نێو ئەم غەزەلە
دێن دەڵێن ئەم غەزەلە، وردە خەیاڵێکی هەیە!
خەتی سەبزی لە کەناری لەبی، «نالی»! هەروەک ـ
«خزری زیندە» لەسەر چاهە، زولالێکی هەیە

((
عاشقی بێ دڵ دەناڵێ، مەیلی گریانی هەیە
بێشکە، هەورە تریشقە، تاوی بارانی هەیە
چاوی من دەم دەم دەرێژێ، ئاوی ساف و خوێنی گەش
دا بڵێن  دەریای عومانە، دوڕ و مەرجانی هەیە
پەرچەمی روو دادەپۆشێ، پێچی زوڵفی پێچەیە
دا بە رۆژیش پێی بڵێن، شەمعی شەبوستانی هەیە
ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و روو
دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە
هەر لەبت، یا سینەشت هەردوو بەدەرخە، دا بڵێن:
لەعلی روممانی هەیە، یا لەعل و روممانی هەیە
وەحشییە لێمان لەبەر تەعنەی رەقیبی سەگ سیفەت
راستە هەر زیرۆحێ، بۆ وەسواسە، شەیتانی هەیە
دڵ موشەببەک بوو لەبەر ئێشانی نیشانی موژەت
حەیفە قوربان! ئاخر ئەم نیشانەیی شانی هەیە
لەحزەیێک و لەمحەیێک چاوم بە چاوی ناکەوێ
کێ دەڵێ وەحشی غەزالە، مەیلی ئینسانی هەیە!
تۆ ئەگەر هەستی، لە جێ راوەستی، دێو و کافریش ـ
دێن دەڵێن: بەخودا قیامەت راستە هەستانی هەیە
فارس و کورد و عەرەب، هەر سێم  بە دەفتەر گرتووە
«نالی» ئەمرۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە!

((

بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنەوو بازاڕییە
چونکە ناگاتە گونی دێوانەکەی، لێی عاریە
من لە بێ بەر گی (مەخە)م پرسی، کە بۆچ رووتی؟ وتی:
«رەببی من شێت بم، ئەگەر شاد بم بە بەرگی عاریە!»
خەلعەتی تەشریفی هەرکەس بێ چییە، غەیری کەفەن!
هەر ئەوە هەم فاخیرە و بۆ ئاخیرە و یەکجارییە
کونجی راحەت، تاجی عیززەت، خاریجی مەعموورەیە
کوندەبوو هەر بانگە بانگ و، هودهودیش هاواریە
پۆست بە کۆڵی (عامیری) فەرمووی: «کەوا بۆ پوختە بوون»
جەوتی سەر کێوان گەڵی چاتر لە (تاڵیی شاری)یە
قوش قوشی راویی نەبێ، مورغی کولانە و ئاخوڕە
سەگ سەگی تازی نەبێ، کادێنیی و ئەنبارییە
فەرقی کۆساران لە پاساران دەفەرمووی وەک چییە؟
وەک عەزیزیی باز و وەک بێ حورمەتی پاسارییە
سەهم هەتا جوعبە نشین بێ، گۆنە زەردی خەڵوەتە
قەوس هەتا چللە گوزین بێ، هەر ئەسیری خوارییە
نوسحی «نالی» رەنگە هەر کەس بیبیێ بیکاتە گوێ
چونکە نەزمی ساف و وردە، هەروەکوو مروارییە

((
با ڕەفیقانم بکەن شینم کە وەقتی زارییە
قەت مەکەن تەقسیر لە گریان، شیوەنم یەگجارییە
تیرەکەی ئەوڕۆژە مەحبووبەم کە لوتفی کرد بە من
گەر نەبەخشێ مەرهەمی وەسڵی، برینم کارییە
حەپسی چاهی میحنەتم، کافر بە حاڵی من نەبێ!
کار و پیشەم دائیمەن گریان و شین و زارییە
هەر بە ئوممێدی عەیادەت بەڵکە جارێ بێتە لام
من، ئەگەرچی بیشمرم، پێم خۆشە ئەم بیمارییە
کەس نەکا مەنعی گوڵم، گەرچی دڵی کردوومە خوێن
چونکە مەعلوومە کە ئیشی خونچە هەر خوێن خوارییە
کووچە کووچە خوون چەکەی پەیکانی موژگانی گوڵم
بۆ شەهیدی شاهیدە، دائیم کە خوێنم جارییە
هەرچی مەحبووبان دەکەن خۆشە، بەڵام داخی ڕەقیب ـ
دەمکوژێ، تەرحی مرێ، هەر وەک کەری بێگارییە
ناڵە ناڵی «نالی» یە وا خەڵقی خستە زەلزەلە
یا نە خۆ حەشرە، گونەهکارە، وەها هاوارییە؟!

((
بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر، بەرییە
نە کەسێ مونتەفیعی یەک بەری یا سێبەرییە
چیت لە کاکۆڵی سەر و موویی میانی داوە؟
هەمو هەر هەمم و پەرێشانیی و دەردی سەرییە
بە ریا باری تەکالیفی روسوومی بۆ خەڵق ـ
چ دەکێشی؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە
موتمەئین خاتر و ئەیمەن مەبە هەر گیز لە شەڕی ـ
نەفسی ئەممارە، کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە
لۆمەیی «نالی»یی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا!
ئەمە موددێکە زەدەی لەتمەیی دەستی پەرییە

((

لەو کەسە دینی ئەتۆ نووری دڵ و ئیمانیە
روو بە زوڵفت دامەپۆشە، یەعنی کافرسانیە
دڵ کەوا هەم قاسییە، هەم عاسییە، دوورە لە تۆ
مونزەجیر نابێ، کە حوببی تۆ لە قاسیی دانییە
گوێت لە ئاوازی سوروشکی من گرانی گوارەیە
غافڵی لەم دوڕڕی بەحرەین و عەقیقی کانییە
روومەتت شەمعی شەوی قەدرە، دڵم پەروانەیە
نەحری مینای رۆژی عیدە، رۆحەکەم قوربانییە
خوێنی سیرفە، پێی سەر و دەستت حەنایی کردووە
رەنگی دەست و سەر نییە، رەنگی سەری دەستانییە
دوور لە تۆ «نالی» سەگێکە، بێوەفایە، هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە، کە نانی نانییە؟!

((
ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە
نەی شەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە
عادەتێکی هەیە هەرگیز لە کەسێ ناپرسێ
زاڵمێکی وەیە قەت خەوفی خوداوەندی نییە
دەرحەقی من زەهر و سرکەفرۆشە بە برۆ
دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەر خەندی نییە
دولبەرێکم هەیە مەشهوورە بە بێ مانەندی
بێ شک و شوبهە، خودا شاهیدە، مانەندی نییە
ئەهلی دنیایی لەبەر حیرس و تەمەع هوشیارن
بە خوسووسی بگەڕێی مەست و خیردەمەندی نییە
خانەقاش هەروەکو مەیخانە، کە هەر ئاوا بێ
مەجلیسێکی هەیە، ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە
واقیعەن خانەقە خۆش زەمزەمەیێکی تێدا ـ
یە، بەڵا قەندی هەیە، گەندی هەیە، رەندی نییە
مەدرەسە، مەحبەسەیە، مەبحەسەیی وەسوەسەیە
کەسی تێدا هەیە، ئەمما خۆش و خورسەندی نییە
تالیبی راهی (حیجاز)م، لە (موخالیف) هەڵدەن
بێ (نەوا) قەلبی حەزینم قەوەتی بەندی نییە
شیعرەکانم، کە جگەر گۆشی منن، دەربەدەرن
دڵی «نالی» چ رەقە، قەت غەمی فرزەندی نییە!

((

حەریقی زیقی زیندانم، نەسیمی سوبحدەم با بێ!
ئەگەر رۆحی منت باقی دەوێ، ساقی! مەیی نابێ!
لە وەسڵی تۆ زیاتر خەوفناکم، نەک لە هیجرانت
بە میسلی شەمع و پەروانە، بەڵێ عاشق دەبێ وا بێ!
نییە دەخڵم لە شانامە و مەسافی، غەیری ئەم نوکتە:
کە کوشتەی بەندی تۆیە هەرکەسێ ئازاد و ئازا بێ
کەسێ پوشتانی باڵاتە، حەریفی ئاڵ و واڵاتە
کە شیبهی کاکوڵی ژۆلیدە، سەر گەردانی سەودا بێ
فیدای تەشریفی رێگەت بێ، خەراجات و خەزێنەی دڵ
نیساری تۆزی پێت بێ، گەر، لە چاودا قەترەیێ مابێ
لە عەکسی زاتی بێڕەنگت هەتا کەی دیدە رەنگین بێ
جونوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ؟!
مەگەر هەر یاری نەقشینم، ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی غەیری رەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ
سوبووتت باعیسی نەفیی منە، وەک لامی زولفەینت
لە هەردوو لا قەدت بگرێتە ناو، وەک (لامەلفلا)بێ

گەهێ ئاهوو رەوش شاهی، گەهێ گەوهەر مەنیش ماهی
بڵا با سینە سەحرا بێ، بڵا با دیدە دەریا بێ!
کەمەندی زوڵفی دوو لانە، لە بۆ گەبر و موسوڵمانە
دەکێشێ بێ موحابانە، چ لەم لا بێ، چ لەولا بێ!
لە ئالیی ئەشکی «نالی» بێ کەسە، غەڵتانی نێو خاکە
مەگەر سەمعی قەبووڵت موشتەریی لوولوویی لالا بێ!

((

مەستوورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو، بە چ نازێک و عیتابێ!
هاتووم، وتی: عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وابێ؟
هی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ
هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخڵی بکا چین و خەتا بێ
ئایینە بە مایینە دەبێ رەنگ نوما بێ
(مەستوورە) بەمەستوورە دەبێ موهرە گوشا بێ
نوکتێکی زەریفە، بە نەسیبی زورەفا بێ
تەعریفی دەکەم، بەڵکو لە بۆ دەرد شیفا بێ
ئەم سیڕڕە چییە میسلی سوهابێ، نەسوابێ؟!
دوڕڕێ کە وەکوو دوڕڕی سەما بێ، نەسمابێ؟!
دوککانی توحەف، کانی حەیا، کانی بەقا بێ
قوببەی لە قیبابی نوقەبا بێ، نەقوپابێ
وەک خەیمە بە پەردێکی دو ئەستوونە بە پا بێ
سەر تیلەکی نەختێ، بە نەزاکت قڵەشابێ
وەک هیممەتی سۆفی کە لەنێو خەڵوە خزابێ
مەستوور و عەزیزی شەرەف و ڕێفعەت و جا بێ
یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا، دوور لە سەخا بێ
موغلەق بە بەخیلی، بە مەسەل مشتی مەلا بێ
کاسێکی بلوورینی نخوونی لە سەرابێ
نەختێکی لەبەر مەوجی لەتافەت قڵەشابێ

یاخۆ پەڵە بەفرێکی  کە ئەسڵەن نەشکابێ
قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ
کام ئاب و هەوا؟ موعتەدیلی نەشئو نوما بێ
یەعنی لە وەسەت کانییە گەرمێکی تێ زابێ
لەو کانییەدا چووزەرە ڕێواسێ رووابێ
بەو چووزەرە ڕێواسە کەمێکی قڵەشابێ
یا قەسری موعەللا، کە لە ئاوێنە کرابێ
یا غونچەیی نەشگوفتە، کە ئاوی نەدرابێ؟
یا گومبەدی نەزهەتگاهی نێو باغچە سەرا بێ
ئەلوانی گوڵامێز و شەکەر بێزی تیابێ؟!
یا قورسی نمەک، هەروەکو مەڕمەڕ بە زیا بێ
جێی قەترەیە ئاوێکی لەنێودا قڵە شابێ؟!
یا گردەکی گردێکی کە شیرین هەڵیدابێ
گردی نمەکین، یەعنی گیای لێ نەڕووابێ
دامێنی بە ئەنواعی گوڵ و موڵ خەملابێ
گەنجێکی تێدا بێ کە تیلەسمی نەشکابێ
حوققێکی زەڕی سافی لەسەر بانی نرابێ
نەختێکی بە سەد سەنعەتی (مانی) قڵەشابێ؟!
یا رەئسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ
غەڵتان و سەراسیمە، نە داکێک و نە بابێ
فێسێکی سپیی و توندی لە کەللەی کەلی نابێ
هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاسی نەدرابێ
چەسپیدەوو خڕ هەروەکو بەر قاڵبی دابێ

نەختێکی لەبەر توندیی و سفتی قڵەشابێ؟!!
دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ
دوڕڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی سەفا بێ
بەیزێکی شوتورمورغی کەوا تازە کرابێ
وەک بەیزەیی بەیزا بە زیاوو بە سەنا بێ
خرچێکی مودەووەر، بە عەسەل ئاوی درابێ
نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشابێ؟!
یاخود وەکو خۆی شاهیدە، با وەسفی وەهابێ:
سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدابێ
یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەڵا بێ
بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ
نەختێکی وەکوو دیدەیی دەرزی قڵەشابێ؟!
یاخۆ، مەسەلا، میسلی نە وا بێت و نە وا بێ
مەشهوور و خەفی هەروەکو عەنقاوو وەفا بێ
ساحێب زەڕ و زیوێ کە فریبی عوقەلا بێ
ئیکسیری تەڵای ئەحمەری چەند قەترە لە لا بێ
دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرابێ
چەند خوێن کە رژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ
کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ
تەرکێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی گابێ؟!
***
دێوانە کە زانی کە دەبێ عوقدە گوشا بێ

هەستاوو گوتی: ئەشکی ڕەوانم بە فیدا بێ!
ئەم ساحێبی تەشریحە دەبێ هەیئەتی چا بێ
هەم شاریح و هەم جاریح و مووزیحە گوشا بێ
بۆ توند و ڕەقی مەتنی مەتینی حوکەما بێ
تەدقیقی ئەمیش سیڕڕە دەبێ خوفیە ئەدا بێ
نەرم و خۆش و مونتیج وەکوو بەستی ئودەبا بێ
تووڵانیی و بەرجەستە، وەکوو دەستی دوعا بێ
شەو نائیم و قائیم، عەلەمی بابی ڕەزا بێ
بێ دیدە هەڵستێ بە مەسەل عەینی عەسا بێ
مەجزووبی توروق، مورتەعیشی لەرزش و تابێ
سالیک ڕەوشی مەسلەکی ڕێگەی سولەحا بێ
فەرقێکی هەبێ: داخڵی میحرابی ڕەجا بێ
چاوێکی هەبێ: غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ
ڕێی حورمەت و بێ حورمەتی هەرگیز نەکوتابێ
چەند ئاوی ڕژابێت و، چ ئاوی نەڕژابێ
لەم ڕێگە سەریشی کە بچێ، یەعنی کوژابێ
گەردن کەچێ بەرپێتە، قەدەم ڕەنجەکە، سا بێ
تا گەرمڕەوی ڕێگەیی زوڵماتی بەقا بێ
(ماءالخڤر)ت قەترە لەسەر قەترە فیدا بێ
کێ بێ وەکو تۆ بەم شەوە ڕەحمی بە منا بێ!
مەجزوبە سیفەت، یەعنی سیلەی ڕەحمی تێدا بێ!
هەم جازیبەوو قابیلەیی ئەخز و عەتا بێ!
مەستوورەوو مەخفی، شەبەهی بادی سەبا بێ!

مەستانە هەڵستێت و بە کوێریی روقەبا بێ
ئەم باب زەنە گەرم وتەڕی کا بە کەبابێ
«نالی»! وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ
رووڕش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ
تەحریری خەیاڵ و خەو، ئەگەر بێتە حیسابێ
دەروێش و گەدا شاه و، دەبێ شاه گەدا بێ
وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ
نەک بەحسی سوروور و عەلەم و بادی هەوا بێ

((

خۆشا رەندێ لە دنیا بێ موبالات و موجەڕڕەد بێ!
بە رۆژ زیندەی جەماعەت بێ، بە شەو مات و موجەڕڕەد بێ!
بە سوورەت: جەلوەتی، غەرقی عەلایق هەروەکوو خەڵقی
بە مەعنا: خەلوەتی، مەستی موناجات و موجەڕڕەد بێ
ئەگەر عالەم ببێتە خەلعەتی تەشریفی سەرتاپای ـ
وجوودی بێوجوودی بێ موباهات و موجەڕڕەد بێ
بە زاهیر تاوسی رەنگین، سیفاتی (تقوْ عَلیَ التّاهیق)
بە باتین قومریی و خاکستەری زات و موجەڕڕەد بێ!
ئەگەر تەکیە، ئەگەر شێخە، هەموو داوی عەلایق بوون
بڵا «نالی» بچێ مەستی خەرابات و موجەڕڕەد بێ!

((

له چاوی (روودبار)م (نووری) دیتن وەقتە تاری بێ
ئەمیش با ماجەرای هیجرانی (نووریی روودباری) بێ
چ میعمارانە بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج!
خودا یار و مەدەدکار و نیگەهداری عەماریی بێ!
بە وەقتی تەلبییە مەستی شوهوودی (ڵبغە الله) بێ!
بە گاهی تەروییە سیڕڕی (ید الله) دەستیاری بێ!
فویووزاتی (سەفا) وو (مەروە) هەروەک ناودان دەم دەم
لە یەنبووعی دڵی پڕ زەمزەمەی میزابی جاری بێ!
ئەگەر خەڵوەت نشین بێ، (جانی جانان) بێ ئەنیسی ئەو
وەگەر هیجرەت گوزین، رۆحی (عەزیزان) یاری غاری بێ!
شەعائیر یەکبەیەک مەسرووری سیڕڕی غەیبی لاڕەیبی
مەساعی سەربەسەر مەشکووری دەرکی بەیتی باری بێ!
نیشانەی (ڵبغە اللهی) لەسەر ئیسم و موسەممایە
بە بێ نەیرەنگی ئەو رەنگە، کە رەنگی ئیفتیخاری بێ
بە کوێری دوور لە (نووری) مایەوە «نالی» لەمێ، یاڕەب!
فویووزی تۆزی رێگەی، کوحلی چاوی ئەشکباری بێ!

((

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورووجی!
وەی قوللەیی دووری کە دەڵێی قامەتی عووجی!
وەک قافی زەمین قابیلی ئیکمال و تەرەققی
وەک بورجی سەما لایقی ئیقبال و عورووجی!
ئەی ئاهووی نادیدە بە تەئسیری مەهیبی
یا گەوهەری ئەسدافیی و یاقووتی دورووجی
بۆ مەجلیس و یاری سەبەبی شەوق و سیراجی
بۆ ڕاو و سواری عەلەمی زین و سورووجی
سەد حەیفی لەبۆ کەعبەیی حوسنت کە بەسەریا
نەججاشی‌یی خەت هاتووە نێزیکە خورووجی
هەرچەندە دەکەن قەتعی سەرت، دێیەوە ئەی خەت!
وەک (هیندووی سەححاری مەجووسی) چ لەجووجی!
تەلوینی ڕەقیبت چ بەیان کەم بە (مەقامات)!؟
مەشهوورە حیکایاتی (ئەبوو زەیدی سورووجی)!
مەعلوومە لەوێ ڕاز و خوتووری دڵی «نالی»
(اقرٍْ حَلًّ بقَلْبی، وَ بقاَسْرارٍەق نوجقی)

((
گەر بازی نەزەر بازی، لەم دەست و نیگارەت چی!
بۆ یاریی و دەسبازی، لەم راو و دیارەت چی!
گەردن کەچی زوڵفی بووی، سا دڵ مەدە بەر موژگان
وا خۆت لە تەناف داوە، ئیتر لە قەنارەت چیێ!
ئەو چاوە کە هەڵدێنی، سەد عەربەدە دەنوێنی
هەر رۆحە کە بستێنی، لەم غەمزە دوبارەت چی!
گەنجینەیی نێو سینە، رەنگینە بە سەد کینە
ئەی لەککەیی ئایینە، یا رەببی بە غارەت چی!
موژدەی قەدەمی سەر بو، دڵ هات و لە رێدا چوو
جان ماوە لە بۆ وەسڵی، بدرێ بە بەشارەت چی؟!
وا خوانی کەناری من، بۆ نوقڵی دەم و ماچە
ئەی لووتە خۆری تەکیە، سا تۆ لە کەنارەت چی؟!
بۆچ مایلی تەنهایی؟ سەودایێکە خۆڕایی..
ئەی مەردومی بینایی، لەم کولبەیی تارەت چی!
«نالی» خۆشە نەومیدی، دڵ بەستە مەبە ئیدی..
گەر عاشقی تەجریدی، لەم یار و دیارەت چی!

((

ئەی خەستەیی چاوت، هەموو ئاهوویی تەتاری
وەی بەستەیی زوڵفت، هەموو شێرانی شکاری!
خەندەت بووەتە باعیسی گریانی دەمادەم
بەرقە سەبەبی بارشی بارانی بەهاری
سەهمی نیگەهت خستمی، هەستامەوە راکەم
ئەگریجە وو زوڵفت بە جەفا هاتنە یاری
وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ رووڕەشی تۆ بم
ئەم ساڵە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری
مەغشووشی زەڕە، عاجزی زیو، دەرهەمی دیرهەم
بۆچ تێکچووە سۆفی کەرەبۆز بۆ غەمی باری؟!
هەر یارێ کە ماڵان گەڕ و بێگانەیە «نالی»
کەندوومە ددانی تەمەعی بۆس و کەناری

((

بێ جوێ بوونەوەیێ، زەخم و برین و ئەسەرێ
تیری موژگانی درێژت لە  جگەر تێدەپەڕێ
سۆفیی خەڵوەنشین بۆ نەزەرێکی گوڵی رووت
رەنگە وەک نەرگسی تەڕ چاوی سپی بێت و دەرێ
زوڵفی دوو تایی تەرازوو مەسەلی دڵکێشت
رۆح دەکێشن بە دوو سەر، ئەم بە سەرێ، ئەو بە سەرێ!
من لە ئیحرامی ئەدەبدام و، ئەتۆش سەیدی حەرەم
موددەعی، هەروەکو سەگ، بۆچی بە ئێمە دەوەڕێ؟!
یادی چاوی بە فوتوورت لە دەروونیدا مەرەزە
غەمی زوڵفی بەخەمت بوو لە دڵمدا بە گرێ
وەکو پەروانە بە شەو هێندە بە موشتاقی دێم
بە چرای کوڵمتەوە،رەنگە عەسەس لێم بگەڕێ
لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ
بێ خەتا کەس نییە رازی کە لە ئەولادی درێ...
راستی جەوهەرییە تیغی زوبانی «نالی»
نەرم و توند، ئاوی گەلوو گیرە، قسەی پێ دەبڕێ..

((
ساقی! وەرە، مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی
گەر مایلی تەوفی حەرەم و بەیتی عەتیقی!
یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حەقیقی
مرواریی ئەشکم وەکو یاقووتی، ڕەوانە
ساقی! بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی..
دائیم لە حەزەردا سەفەری بە..لە وەتەندا
غوربەت کەش و عاجز بە، ئەگەر ئەهلی تەریقی
خەڵقی کە هەموو کۆدەکن و بەستە زوبانن
با بێن و لە «نالی» ببیەن شیعری سەلیقی

((
(بَرِ الْبَلْر) لەبەر بەڕ تەلەئلوئی لەئالی
(خَسقِفَ الْقَمَر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی
نییە دیدەیی چ مەردوم، نییە مەردومی چ دیدە
لە فرووغی خەددی فاریغ، لە خەیاڵی خاڵی، خاڵی
سەری هەردو کوڵمی داخۆ گوڵی نەوبەهارە، یا خۆ ـ
تەرەفی نەهارە، زوڵفی (زُلَفٌ مِقنَ اللیّالی)؟!
یەمی دیدە پڕ لە مەرجان، وەک یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەک زوخاڵی
بە مەلاحەتی تەکەللوم هەمو زەمزەم و مەلیحی
بە فەساحەت و تەبەسسوم هەمو کەوسەر و زولالی
نەزەرم پڕە لە  نووری شەو و ڕۆژی تەلعەتی تۆ
کە بە روو شوعاعی شەمسی، بە برۆ خەمی هیلالی
روخی تۆ گوڵێکە سەد وەک هەزاری عاشق، ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوسوولی ناڵە «نالی»

((
بنواڕە نەوبەهار و فوتووحاتی گوڵشەنی
گوڵ زاری کردەوە، لە دەمی، غونچە پێکەنی
لەم پارچەڵۆکە هەورە، بە قەد رووی هەموو زەمین
بەم رایەڵە قەدیفەیی سەوزی، عەجەب تەنی
بورجی درەختی سەوز و بولەندی وەک ئاسمان
پێوە شکۆفە هەروەکو نەجمن بەرەوشەنی
بەزمی هوزارە، قەل فڕی ئەغیارە، دەوری گوڵ
سۆفی! بڕۆ، مەبە بە دڕک، تۆ لە ئێمە نی...
هەر دارە بەرگ و، هەر گوڵە رەنگێ خەڵاتیە
هەر جوودی نەوبەهارە، کە عالەم دەکا غەنی
دیسان لە بگرە بەردەیی گوڵچین و باغەبان
بولبول کەناری گرت و دڵی غونچە راچەنی
خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل
دامێنی وەردی سوورە، کە دەستم بە دامەنی!
وادی بووە بە وادیی پڕ نووری (توور) ی (نار)
(نەعلەین) لە پێ فڕێ بدە «نالی» بە (ئەیمەنی)

((
قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنی
قەدری ئەو کەمتر و، هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی
تاغیی و باغیی و، باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی
شاد و شادابە بە گوڵ ئاتەشیی و نارەوەنی
هێندە دڵ خۆشە لەبەر سەبزیی و دارو دەوەنی
کە دەڕەقسێ وەکو شاخ و فەنەن و نەستەرەنی
لە خەزان بێ خەبەرە بەرگی بەهار و چەمەنی
بێ بەقایی گوڵ و سەرو و سەمەن و یاسەمەنی
فەلەکی میهر مەهی، وەقتە تەواو بێ زەمەنی
کەوکەبەی ئەنجومیی و دائیرەیی ئەنجومەنی
خوانی ئەلوانی زەمین و سەفی سینیی و سەحەنی
تەشت و تاس و تەبەق و لەنگەر و شەمع و لەگەنی
من وەکوو رەعدم و تۆ وەک گوڵ و سەبزەی دیمەنی
من دەگریێم و دەناڵێنم و تۆ پێدەکەنی
ئەی دەراتوو؛ لە دو مەجرایی دو میزانی مەبال!
مەبە بادی وەکو خەرزیهـ ، بەهەوای کیبر و مەنی

تەنی رازی بە خەشین پۆشیی وەک شێر و شوتور
بێ نیازە لە برێشم تەنیی و پیلەتەنی
گوتم ئەی قیبلە قوزە! بۆچی بە تەحریری حەریر
راغیبی لیبسی عەجەم، تاریکی بەرگی یەمەنی؟
گوتی تاجی عەرەب و، ئالی عەبا فەرموویان:
عەیبە تەن پەروەریی و نەرمیی و نازک بەدەنی
ئێمە مەردین و هەموو شێری خەشین پۆشی مەساف
کرمی قەز هەرچی تەنی، بۆ تەنی نیسوانی تەنی
قەز، برێشم، کە حەرامە لە رەجول، نەک نیسوان
سوننەتی شەرعە، ئەگەر تابیعی ئەهلی سونەنی
تەرکی ئارایشی تەن نەقدی رەواجی عەرەبە
تۆ عەجەم، مەردی موزەخرەف تەنیی و قەڵبەزەنی
میللەتی کورد و عەرەب هەردویە کە تەفرەقە بوون
لە جەفاوو میحەنی موڵکی (سەبا)وو یەمەنی
وەکو ئەو کرمە لەنێو قوببەیی ئەبریشمدا
عاقیبەت موردەیی یەئسی عەمەل و بێ کەفەنی
چونکە «نالی»! لەسەر ئەم ئەرزە غەریبی وەتەنی
هەستە باری مەدەنی بە، مەدەنی بە، مەدەنی

((

موساوی وەک یەک و لوولن لە هەر دوو لاوە زولفەینی
نموونەی عەکسی حەرفی (میم) و (نوون) و (واو)ە زولفەینی
بە داوە، کرژ و خاوە، یەعنی ئالۆزاوە زولفەینی
دوو تاوە، دوو سیان و شێوەکەی شێواوە زولفەینی
پەرێشان و شکستە و سەرنیگوون داماوە زولفەینی
تومەز بادی سەبای چین و خەتای لێ داوە زولفەینی
لە جێی پاوانەوو گەردنلعی داناوە زولفەینی
کە وەک ئەژدەر لە پێوو گەردنی ئالاوە زولفەینی
دو جادوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە
لەسەر شانی، وەکوو زەححاک و، ناوی ناوە زولفەینی
بە تورڕە وەک پەڕی تاوس، بە گەردەن ئاهووە، یەعنی
لەسەر ئاهوویی گەردەن هەر دو حەلقەی داوە زولفەینی
بە زاهیر زولمەت و دوودە، بە باتین نوور و، نارێکی ـ
لە عوود و عەنبەر و میشکی خەتای بەرداوە زولفەینی
شکەنجی تاری پڕ میشکی تەتار و تارە، ئەمما ئەو
دو تا و، هەر تایە بارێکی لە عەنبەر ناوە زولفەینی
وەکوو دوودی سیاهە، ئاهی «نالی» و، ئەم، رەقیبانە
لەسەر تا پێ لە بەرگی مەرگ و ماتەم ناوە زولفەینی

((
نەفەس بگرە لە هاتو چوویی خۆڕایی هەتا ماوی
کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە هەر عومری بە با داوی
حەیاتت تەحسیلی بەقاوو ریبحی ریزوانە
ئەتۆ دەیکەی بە مایەی دەخڵ و خەرج و کەسپی بەدناوی
عەجەب ماوم لە جەرگت، ئەی دڵەی غافڵ، کە مووددێکە
لەسەر ئەم ئاگرەم داناوی، هێشتا هەر نەبرژاوی
مەسەل دنیا ژن و، چەرخیش خەڕەک، دەم دەم بە دووخی غەم
رەگی تاری وجوودت با دەدا، هێشتاکو هەر خاوی
زەمانە چەرخ و، چەرخی ئاسمانیشی، فەلەک فیلکە
سەری رشتەی وجوودی چەندە باداویی و هەر ماوی
مەگەر مەیخانەیە دنیا، کەوا کاسی لەبەر کەئسی!
بە نەغمەی عوودی سووتاوی، بە نەشئەی تاسی تاساوی !
ئەمێستەیش، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە
بە مەرگی تۆ، لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی، تاڵاوی
هەوای سەیری بەڕ و بەحر ئاگری بەرداوەتە عومرت
کە تۆزێ مونعەقید خاکی، دڵۆپێ مونجەمید ئاوی!
کە خاکی، خاکی دامەن بە، وەگەر نە، تۆزی بەربادی
کە ئاوی، ئاوی گەوهەر بە، وەگەر نە، بڵقی سەرئاوی
هەتا شەققەی فەلەک نەبوە، بە کافووری کفن، هەستە
کە ئەمشەو فرسەتە، هێشتا فەلەک ماوی، ئەتۆش ماوی
نەواڵەی تۆبە دەربێنە، هەتا تەن نەبوەتە سفرە
پیاڵەی شیشە بشکێنە، هەتا وەک کۆپە نەشکاوی

بە میعراجی سولووکی سالیکاندا تا نەچی رۆژێ
لەناو جەهلی مورەککەبدا دەمێنی هەروەکوو ماوی
گەدا ئینسان و دنیا غوربەتە «مقنْ حَیْیَ لا تَشْعُرْ»
بە هیممەت تالیبی چشتێکی؟ نازانی بڵێی ناوی
شتێکە بی شەبیهە و جینس و فەسڵ و کەشف و تەقریرە
موبەڕڕایە لە تەقریر و حەدیسی حادیس و راوێ
نەزانینت لەبەر عیجزە، نەوەک جەهلە، کە ئەم چشتە ـ
قەدیمە نایەتە تەقریری قەولی حاکیی و راوی
لە قورئاندا بە (ما اُخْفِقی لَهُمْ) مەکتووم و مەختوومە
بەیان نابێ بە تەفسیری دوسەد (کەششاف) و (بەیزاوی)
موبەییەن بوو لە قورئاندا بە نووری (قُرَّهُ الاعْیُنْ)
نە وازیح بوو بە (کەششاف)و، نە رۆشن بوو بە (بەیزاوی)
کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ، چ فەوقانی، چ تەحتانی
کە حوببت بۆ سیادەت بێ، چ (بەرزنجی)، چ (باراوی)
مەکە دەعوایی پاکی‌یی نەسەب، بۆ جیفەیی دونیا
کە سەیید بێ چ (بەرزنجی)، چ (پیریایی)، چ (باراوی)
وەرە ئەم نیکتەیە من پێت بڵێم «نالی» ئەگەر فەرزەن ـ
هەموو دنیات بیێ، هێشتاکو هەر حەیران و داماوی

((

گوڵ کە یاغی و دەم دڕاو بوو، کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی
باغەبان گوێی گرت و، وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی
ڕەنگی زەرد و سووری خەوف و خەجڵەتی، ئاوی حەیای
وا تکاو، ئەرجوو دەکەن عەفوی بکا وەک عەبدی خۆی
چونکە بێنی بێ وەفایی و ناز و شۆخی لێ دەهات
ناردییە بازاڕی ڕیسوایی کە بیدا شوست و شۆی
دەست بە دەست چوو تا گەیشتە دەستی عەتتاری سەفیە
نایە سەر نار و عەزابی ڕۆحی داوو سفت و سۆی
چونکە مەنشووری گوڵەندامی، بە ناوی خۆی دەوێ
یار، ئەگەر لەو باغییانە کەس بمێنێ، عارە بۆی
مەه بە شەو هەڵدێ، پەنا دەگرێت و دەنوێتن بە ڕۆژ
دا بگاتە سیرڕی پەچچەی پەرچەم و وەسفی برۆی
گەر بڵێم: شەمسی، دەڵێ: ئەو خۆش ڕووە بێ پەردەیە
وەر بڵێم: سەروی، دەڵێ: ئەو ئەحمەقە کوا گفتوگۆی!
دیدەوو دڵ هەردو وا جۆبار و جۆیای قەددی تۆن
سەروی دڵ جۆی عەرعەر و، دڵ جۆی نەمامی دیدەجۆی
چونکە باوکی ڕۆمیی و دایکی حەبەش بوو، ما بە بەین ـ
ڕۆژ و شەو، کافوور و میسکی، ڕوو گەنم، خاڵ دەنکە جۆی
من گوتم: سەروی قەدت مەوزوونە، ئەو تەبعەم هەیە
ئەو گوتی: «نالی» بە میزابی کینایەتمان دەشۆی

((

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ، چونکە میسلی غونچەیە، بۆیێ دەپشکوێ
لەم وەعدە خۆشەدا گوڵ و گوڵ چیهرە تێکەڵن
یەک ڕەنگ و موتتەحید، بە دڵ، ئەمما بە تەن جوێ
عەرعەر عەدیلی قەددییە، یەعنی بەرابەرن
سونبول شەبیهی زوڵفییە، فەرقی نییە موێ
لەم خۆشییە کە هێزمی مەتبەخ سەوز بووە
ماوم عەجەب لە دیدەیی سۆفی کە نارِوێ!
تیپی شکۆفە، خەیمەیی داوە لە هەر تەرەف
یا شاهی نەوبەهارە، هەڵی داوە هۆردوێ؟!
دنیا کە گوڵ گوڵی بووە، قوربان، ئەتۆش وەرە....
تالیب بە گوڵ بە، قەیدی چییە گوڵ گوڵی بوێ!
بولبول، کە گەرمە نەغمەیی، ئاگر دەکاتەوە
غونچە، حەزینە، جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ
«نالی»! زوبانەکەی تەڕ و پاراوی سەوسەنت
حەیرانی چاوی نێر گسە، وەک لاڵە، نادوێ...

((

یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ
ئارێ ئارێ، گوڵ لە باغان ئاوی بارانی دەوێ
هەرکەسێ رووی تۆ دەبینێ، خۆی بە قوربانت دەکا
چونکە ئەبرۆی تۆ هیلالی عیدە، قوربانی دەوێ
ئاو لە چاوانم بە خوڕ دێ، ئاگری دڵ ناکوژێتەوە
وەک جەهەننەم ئەم تەنوورە ئاوی تۆفانی دەوێ
عەشق سوڵتانێکە هەر گا روو لە وێرانێ بکات
ئاهی سەرد و، ئەشکی گەرم و، قەلبی بوریانی دەوێ
دوور لە تۆ دڵ هێندە بێئارام و بێ حاڵ کەوتووە
ئەی مەسیحای عەسر! لەو لێوانە دەرمانی دەوێ
رووم ئەوا زەرد بوو وەکوو پایز لە هیجران «نالیا»
عەشق ئێستاکەش لە من سەیلی بەهارانی دەوێ!

((
خاڵی نییه ڕەشماری دو زوڵفت له بەڵایی
حەڵقەی شەرییان بەستووه هەر یێکه له لایی
عاشق دڵی نایی له دلارامی جودا بێ
ئەڵبەت که دڵارامی لەوێ بێ، دڵی نایی
بنواڕه خۆشیی ڕەقسی لەگەڵ خەرقەیی ئەزرەق
مومکین نییه بەم پاکییه، لەم ئەرزه، سەمایی
مومکین نییه جەلبی دڵی خووبان به من و تۆ
نەمبیستووه تەسخیری مەلایک به مەلایێ
نەقدی دڵ و جان بۆ قەدەمت، نیمه بەهایه
غەیری ئەمه، قوربان، به خودا نیمه بەهایێ
ئەی شەمع! بترسه له هەناسەم که بگاته ـ
ئەو دووکەڵی زوڵفه که پەرێشانه به بایێ
تا چاکی نەکەی پڕ له هەوا سینەیی «نالی»
وەک زەنگڵه ئاوازەیی ناڵەی دڵی نایێ

((
وەرە ساقی! بە شین و نەدب و واوەی
ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی
دەزانی خۆ دەچیتە جێی غەریبان
بە مەرگی خۆت، ئەگەر چاوان سیا کەی!
گلە ناکەم ئەوەندەی دەنکە جۆیێ
ئەگەر کەللەی سەریشم پڕ لە کا کەی
هەموو وەقتم دوعایە: داخۆ کەی بێ
بە تیرێکم شەهیدی کەربەلا کەی؟!
چ خۆشە من وەکو تازی بنووڕم
ئەتۆش هەروەک غەزالەی بەڕ، هەڕا کەی!
بە حەسرەت عومری من یەکبارە فەوتا
مەگەر عومرێ دوبارەم پێ عەتا کەی
گوتت: «نالی»! ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
خودا کەی بێ، خودا کەی بێ، خوداکەی!
((
(بقحَمْدق اللّه) دو چاوی یارم ئۆخەی
بە بێ مەی مەستە، بێ مەی مەستە، بێ مەی
لە بوستانی (ئیرەم) دا قەت نییە وەک ـ
شەمامەی، وەک شەمامەی، وەک شەمامەی
شەوی هیجر و بەقای عومری ڕەقیبم
خودا تەی بێ، خودا تەی بێ، خودا تەی
وەرە، مرتریب، بە کوێریی چاوی ئەغیار

سەدای نەی دێ، سەدای نەی دێ، سەدای نەی
لە دووریی نازەنینم رەنگ زەردم
وەکوو بەی، هەروەکوو بەی، هەروەکوو بەی
لە نەهرەینی دو چاوم ئەشکی خوێنین
پەیاپەی دێ، پەیاپەی دێ، پەیاپەی
گوتی: «نالی»! ئەتۆ بمرە، ئەمن دێم
خودا کەی بێ، خودا کەی بێ، خودا کەی!

((

بڕی پارچەی غەزەل یارم، کەوای کرد

بڕی بەندی دڵم یارم، کە وای کرد

((

یک نیم رخت: (اَلسْتُ منکم بقِبَعیدْ)

وان نیم دیگر: (اقِنًّ عَرِابی لَشَدیدْ)

برگرد رخت نوشته: (یُحیْی وَ یُمیتْ)

(مَنْ ماتَ مقِنَ العقِشْقِق، فَقَدْ ماتَ شَهیدْ)

((

گۆشتی قەڵەو حوققە بە چواردە پارە

وەقتێ گوتت (حوققە)، زەمیر دیارە

((

وەک دوڕ و یاقووت نەقشە: دندان و لەبی ئاڵی

هەر وەک بەڕەزا پەخشە: ئەگریجە لەسەر خاڵی

((

بدور دایری فُنجانْ چینی

شکاندی دایری فنجان چینی

((

نفس ساعت گیپی ایشلرسە گر یاد ایلە تاعتدر

بر انک قورمەسی پیریولنە احیای ساعتدر

((

ان زلف مشکبار بدان روی چون نگار

گر کوته است، کوتهی از وی عجب مدار
شب در بهار میل کند سوی کوتهی
ان زلف چون شب امد و ان روی چون بهار
((
لەبت میم و، قەدت ئەلف و، زوڵف چیم
دەزانی بەم سییانە تالیبی چیم
وەفای عەهدە لە من رۆح و، لە تۆ ماچ
چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم
کە هاتی تێغی بێزاریت لە سەر دام
سەری خۆم خود بە خود هەڵگرت و رۆییم
((
سوی ملّر است مرا عزم از این لجه، غم
تا که در نیل کشم جامه زبیداد و ستم
میرود نالی از اینجا چو حریس از دنیا
با لب خشک و کف خالی و  چشم پر نم
((
سەوتی نەعمەی بولبولە یا چەهچەهەی خڕخاڵیە؟!
دەنگی سۆلە، یا لەژێر پێی ناڵە ناڵی ناڵیە؟!